# ئاشنابوون بە
# هیوم



**پۆل ستراتێرن**
**لە فارسییەوە: مستەفا زاهیدی**

# ئایدیا والا

گۆڤارێکی فکریی فەلسەفییە، گرنگی بە لێکۆڵینەوە و وەرگێڕان دەدات
دوومانگ جارێک دەردەچێت
ژمارە (٣٩)
حوزەیرانی ٢٠١٣ ساڵی نۆیەم

**خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای واڵا**
**سەرنوسەر: ئەنوەر حسێن**
**a·bazgr@gmail·com**
**٠٧٧٠١٥٣٥٠٢٩**
**جێگری سەرنوسەر: لوقمان ڕەئوف**
**lukmanraoof@yahoo·com**
**٠٧٧٠١٣٦٩٧٩٢**
**دەستەی نووسەران:**
**شاسوار کەمال، پێشڕەو محەمەد**
**مەجید مارابی، ئارام مەحمود ئەحمەد**
**راوێژکار:**
**شوان ئەحمەد، ڕێباز مستەفا**
**مستەفا زاهیدی**
**تایپ و هەڵەچن:**
**نەورۆز فوئاد، باوان عومەر، شاد محەمەد**
**بەڕێوەبەری پەیجی فەیسبوک:**
**باوان عومەر، سەروەت تۆفیق**
**بەڕێوەبەری سایت: ئاراس حەسەن**

بەڕێوەبەری هونەری:
هەرێم عوسمان

چاپ: چاپخانەی کارۆ.... تیراژ: ١٠٠٠ دانە ... نرخ: ٤٠٠٠ دینار

## پێشەکی

بەر لە هیوم، بەزۆری فەیلەسوفەکان بەوە تاوانبار دەکران بڕوایان بە خودا نییە. هیوم یەکەم فەیلەسوف بوو ئەم تاوانەی قبووڵ کرد و دانی بەم تاوانەدا نا.

ئەوەی کە کەسێک بە کافر ناو ببرێ، بۆ فەیلەسوفەکان یان هەر کەسێکی تر، پێداهەڵدانێکی بێزارکەر نەبوو. کۆمەڵگە، رێگای هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بیرمەندانەی کە جیاواز بیریاندەکردەوە، هەر لە یۆنانی کۆنەوە(هەڵدانی جامی شەوکەران) تا سەدەکانی ناوەڕاست( دادگایی پشکنینی بیروڕاکان)ی گرتبووە بەر.

هەر بۆیە فەیلەسوفەکان هەموو هەوڵیان ئەوە بوو، هەمووان(تەنانەت خۆشیان) رازی بکەن بەوەی بڕوایان بە خودا هەیە. دانپێدانانی هیوم بە شکستی ئیلاهیات، بە رسواییەکی گەورە دەزانرا، بەڵام ئەو هەوڵانەی کە بۆ پاشگەز بوونەوە لەو (هەڵوێستەی)درا، نەک لە رێگای Rock(١)ەوە، بەڵکو لە رێگای بەڵگاندنی فەلسەفییەوە بوو، ئەم خاڵە بە هەمان رادە کە دەرخەری رەوابوونی کۆمەڵگەی بەریتانیای سەدەی هەژدەیەمە، دەرخـەری کەسایەتی هیومیشە. بەمەشەوە ئەگەر هیوم دەیویست وەفادار بێت بە فەلسەفەکەی خۆی نەیدەتوانی هەڵوێستێکی تر بگرێتە بەر.

لە مێژبوو فەلسەفە ئەم رەوتەی گرتبووە بەر. بەشێک لە فەیلەسوفەکانی چاخی کۆن، بۆ وێنە بەشێک لە (رەواقییەکان) و (کەلبییەکان) لەم روانگەیە نزیکتر ببوونەوە، بەڵام سوقرات بەو هۆیەی بێڕێزی بە خوداکان کردبوو رووبەڕووی مەرگ بوەوە، لە رۆمی کۆندا نەدەکرا باوەڕت بە خودایەک نەبێت، بە تایبەت ئەگەر خودا ئیمپراتۆرێکیش بێت هەر بۆیە باوەڕ بۆ ئەو کەسانەی دەیانویست

درێژە بە بیرکردنەوە بدەن و بە هەمان رادە بۆ ئەوانەش کە دەیانویست بژین و نەکوژرێن، پێویست بوو.

لە سەرەتایی سەردەمی مەسیحییەتدا، فەلسەفە بە گشتی چووە خزمەت ئیلاهیاتەوە. نوسراوەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ وەک وەحی ئیلاهی و فەلسەفە، کە بە گشتی برینیبوو لە شیکردنەوەی دەقەکانی (ئەفلاتون و ئەرەستۆ) پەسەندی زۆربەی خەڵک بوو. ئەم دۆخە بە (نوسینی) شیکردنەوە لە سەر ئەم شیکردنەوانە، درێژەی پێدرا، کاری زۆر قارەمانانە ئەوە بوو، ئەم شیکردنەوانە لەگەڵ بنەماکانی ئاینی مەسیحیەتدا بگونجێندرێن.

پێشەیەکی لاوەکی بە کەڵک وەرگرتن لە لۆژیک بە مەبەستی سەلماندنی بوونی خودا گەشەی سەند، بەشێک لەم کۆمەڵە هەوڵانە، زۆر وریایانە و تەنانەت داهێنەرانەش بوو، بەڵام نوێ نەبوو. پێش گریمانە بنەڕەتییەکان بە زۆری وەک یەک بوون.

بۆ یەکەمجار لە سەدەی ١٧دا، دیکارت کە ئێستا بە دامەزرێنەری فەلسەفەی نوێ دەناسرێ، ئەم پێش گریمانەی بردە ژێر پرسیارەوە. دیکارت پێش گریمانە کۆنەکانی خستە لاوەو فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بنەمای عەقڵ–نەک ئیمان– دامەزراند. دیکارت بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی گومانی عەقڵانی ئەوەی خستەڕوو هەموو شتێک دەکرێ رەتبکرێتەوە، جگە لە یەک شت. من ناتوانم گومان بکەم لە هەموو شت و هاوکات گومانم هەبێت لە بیرکردنەوەی خۆم. رستەی ناوداری»من بیردەکەمەوە کە وایە هەم» ئەنجامە بەناوبانگەکەی بیرکردنەوەی دیکارت بوو. بەم شێوە دیکارت بە بنەمایەک گەیشت کە بونیادی عەقڵانی فەلسەفەکەی خۆی لەسەر دارِشت.

راست نیوسەدە دواتر، جۆن لۆک، فەیلەسوفی بەریتانیایی، هەنگاوێ ئەولاتر رۆشت و فەلسەفەی ئەزمونگەرایی خستەڕوو. وەها تێڕوانینێک بانگەشەی ئەوەی ئەکرد دوا بونیادی فەلسەفە، لە عەقڵدا نییە، بەڵکو لە ئەزموندایە. لە روانگەی (لۆک)ەوە، سەرەنجام هەموو زانیارییەکانی ئێمە لە رێگای ئەزمونەوە بە دەستدێن. ئێمە هیچ وێنایەکی زاتیمان نییە، تەنها هەڵگری کۆمەڵێک هەست و وێناین کە بە رامان لەم هەستانەوە بە دەستیدەهێنین. وادیار بوو فەلسەفە

گەیشتبووە بەرزترین ئاستی خۆی.

بەڵام زۆری نەخایاند کەسێک هەنگاوێک بەولاتر رۆیشت. بە هاتنی بێرکلی ئایرلەندی، نەریتی ئەزمونەگەرایی بەریتانیایی پێینایە هەرێمی شێتێتییەوە. ئەگەر هەموو زانیارییەکانی ئێمە دەربارەی جیهان تەنها لەسەر بنەمای ئەزمون داڕێژرابێت، چۆن دەتوانین بڵێین جیهانێک بوونی هەیە کە ناتوانین لێیتێبگەین؟ بەم شێوە جیهان دابەزی بۆ ئاستی دیاردەیەکی زەینی و فەلسەفە بوو بە شتێکی گاڵتەجاڕ. بەڵام سەبارەت بە دونیا، جێگای بەختەوەری بوو بێرکلی، ئۆسقۆفێکی لە خواترس بوو. هەڵبەت بێرکلی دانی بەوەدا نا دونیا درێژە بە بوونی خۆی دەدات، تەنانەت ئەگەر لە لایەن کەسەوە فام نەکرێت، بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت؟ لەبەرئەوەی هەردەم خودا توانای تێگەیشتن لە دونیای هەیە.

ئەم فێڵە فەلسەفییە، تا رادەیەکی زۆر بێرکلی لە کێشە و سەرئێشەکان(نەک تەنها لە لایەن ئۆسقۆفی گەورەو کۆمەڵی کەنیسەکەیەوە) رزگار کرد. ئێستا جیهان بناغەو بنەمایەکی هەبوو. وەها دۆخێک سیساڵی خایاند تا ئەوەی هیوم هاتە ناو باسەکەوە.

## ژیان و بەرهەمەکانی هیوم

هیوم، ئەنها بیرمەندێکە بۆچوونەکانی هێشتا جێگای بایەخن و لە ئەمڕۆدا وەردەگیڕدرێن. هەرچەند دەقەکانی یۆنانی کۆن، وەک بەرهەمی ئەدەبی گەورەو دیار، سەرنج راکێشن، بەڵام فەلسەفەی ئەوان هیچ نییە، جگە لە کۆمەڵێک ئەفسانە بێژی درەوشاوەو پڕزریق و بریق. روانگەی سەدەی ناوەڕاستی ئاگۆستین و ئاکویناس لەگەڵ تێگەیشتنی مۆدێرندا نایەتەوە. دیکارت و لایەنگرانی فەلسەفەی رەسەنییەتی عەقڵ، بەو قەناعەت و باوەڕەمان دەگەینن دۆخی مرۆڤ دۆخێکی عەقڵانی نییە، (بیرکردنەوەی) ئەزمونگەرا سەرەتاییەکان، هەڵە یان پووچ و بێمانان، زۆربەی بیرمەندانی دوای هیوم سەر بە یەکێک لەو دوو گروپەن کە باسیکرا.

ئەوەی من ئێستا هەوڵم ئەوەیە ئەنجامیبدەم، هیوم توانی بە کردەوە دەرییبێنێت. هیوم فەلسەفەی کرد بە وێرانەیەک. هیوم تەنانەت بێرکلیشی تێپەڕاندو هەموو هەوڵی ئەوە بوو هەڵوێستی ئەزمونگەراکانە بگەیەنێتە ئەنجامێکی لۆژیکی. هیوم هەموو شتێکی بردە ژێر پرسیارەوە جگە لە تێگەیشتنی راستەقینەمان. بەم کارە هیوم ئێمەی خستە دۆخێکی دژوارەوە. ئەم روانگە، رەسەنییەتی من یان خودباوەڕیە(Solipsism)) ٢). تەنها من بوونم هەیە و دونیا هیچ نییە، جگە لە بەشێک لە وشیاری من. لێرەدا ئێمە دەگەینە کۆتایی یاری فەلسەفە، ئەو شوێنەی ناکرێ لێی هەڵبێین. کش و مات!

ئینجا کوت وپڕ تێدەگەین ئەم بابەتە گرنگ نییە. بەبێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی فەیلەسوفەکان دەڵێن، دونیا هەر وەک خۆی دەمێنێتەوەو ئێمە وەک پێشتر درێژە بە ڕێگەی خۆمان دەدەین. وەک چۆن هیوم وایکرد، کەسێک کە جەستەیەکی قەڵەوی هەبوو و بەردەوام وریا و وردبین بوو، هیچ وەک ئەو خود باوەڕە بێکێ(٣)یە نەدەچوو، کە خۆی بە لەت لەت و پچڕپچڕ دەزانی. لە

راستییدا ئەوەی هیوم باسیلێدەکرد، دۆخی تێگەیشتنی ئێمە بوو دەربارەی دونیا. جیهانی ئاین و جیهانی زانست، هیچکامیان شتێک نین سەداسەد و بە تەواوی سەلمێندراو بن. هەڵبەت ئەگەر بمانەوێ، باوەڕمان بە ئاین هەبێت، بەڵام وەها باوەڕێک لەسەر بنەمای هیچ جۆرە خوێندنەوەو بەڵگەیەکی سەلمێندراو سەداسەد نییە، هەروەها دەتوانین بۆ داسەپاندنی خواستەکانی خۆمان بەسەر دونیادا کۆمەڵێک بەڵگاندنی زانستیشمان هەبێت، بەڵام نە ئاین و نە زانست، هیچکامیان لە خۆیاندا بوونیان نییە. ئەمانە هیچ نین جگە لە پەرچەکردارەکانی ئێمە بەرامبەر بە ئەزمونەکانمان، یەکێک لەبێ ئەژمار لەو پەرچەکردارانەی دەکرێ بمانبێت.

هیوم سەر بە بنەماڵەیەکی رەسەنی سکاتلەندی بوو. ژیاننامەی هیوم لە نوسینی ئەی. سی. ماسنەر، هەڵگری شەجەرەنامەی بنەماڵەیی هیومە، کە شەجەرەکەی هیوم دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆم ئاڤ هوم، کە ساڵی ١٤٢٤ی زاینی کۆچی دوایی کرد. پێشنیانی پێشتری ئەم فەیلەسوفە برییتین لە ژمارەیەک کەسایەتی ناسراو لەوانە، بێلچێر ئاڤ تافنێز، هیوم ئاڤ بێلەکەدێر و نۆر ڤێل ئاڤ باگهاڵ.

دەیڤید هیوم ٢٤ی ئاپریلی ١٧١١ لە ئەدینبوو لە دایک بوو. سێ ساڵی تەمەن بوو باوکی مرد. ژمارەیەکی زۆر لە گەورە فەیلەسوفەکان لە تەمەنی منداڵیدا باوکیان لە دەست داوەو ئەم بابەتە بووە بە سەرچاوەی زۆر تیۆری باوی دەرونشیکارانە. پوختەی ئەم تیۆریانە ئەوەیە، بێبەری بوون لە سۆزی باوکایەتی، دەبێ بە هۆی ئەوەی ئەو کەسانە پێویستییەکی قووڵیان بە متمانە بە خۆ بوون و دڵنیابوون لە خۆ هەیە. ئەم بابەتە خۆی لە خۆیدا، دەبێ بە هۆی ئەوەی منداڵانی ئازارچێشتوو، سیستمێکی ئەبستراکت بخولقێنن کە بوونی فیزیکی خۆیان پڕ بکەنەوە. ئەم جۆرە تیۆرییە دەرونشیکارییانە رەنگە درەوشاوە، سەرقاڵکەر و تەنانەت فێرکاریانە بن.(هەرچەند لەم بارەوە زۆر دڵنیا نیم) , بە دەربڕینێکی تر، وێکچوونی ئەم تیۆریانە لەگەڵ ئەو فەیلەسوفانەی باسیانلێوەکرا، دەکرێ لە زۆر رووەوە ناباو و سەیرو سەمەرە بێت، مەگەر لە رووی وردبوونەوەو شیکاری عەقڵانی ئەوانەوە.

کە هیوم لە دیاک بوو، لقەبەکەی ئەو کە لە شەجەرەی بنەماڵەیەکی ناودارەوە سەریهەڵدابوو لەسەر مڵکێکی بچوک و ساردی ناین وێلز دەژیان. ئەم

شوێنە لە ٩ مایلی ڕۆژئاوای برۆیک ئێپان توید، نزیک بە گوندی چێرنساید لە سنوری سکۆتلەند بوو. ئەو خانوەی ئەم فەیلەسوفەی لێ لەدایک بوو ئێستا نەماوە، بەڵام «ئەشکەوتی فەیلەسوف» وەک شوێنی لە دایک بوونی هیوم، نیشانی توریستی خۆش باوەڕ کە ئاکاری فەیلەسوفانەی هەیە، دەدرێت. ئەم شوێنە کەوتوەتە باشوری ڕۆژئاوایماڵەکەی ئێستای(لە پای کێوەکە). ئەم ئەشکەوتە تەڕ، تەنگ و تاریکە، ئەو شوێنە بوو دەوترێ هیوم، ئەو کاتەی کوڕێکی گەنج بوو، هەروەها ساڵانی دواتری ژیانی (ئەو کاتەی چەند بەشێکی ناوەوەی ئەشکەوتە ڕەنگە تەنگ بووبێت بۆ ئەو جەستە قەڵەوەی ئەو) لەوێدا تێدەفکرا و خەریکی بیرکردنەوە دەبوو. ئەگەر (لەسەر ئەو باوەڕە بین) بیرکردنەوەی ئێمە لە ژێر کاریگەری ژینگەی دەوروبەرماندایە، چاوەڕوانی ئەوەی بیرکردنەوەی هیوم لەم ڕووەوە، جۆری فەلسەفەی نوێ بەردی(نئۆ بەردی) بە ڕوانگەی Claustrophobic (ترس لە شوێنی تەنگ)ەوە خوڵقاوەو لە ڕاستییدا بە ڕادەیەکی زۆر، فەیلەسوفە گەورەکانی ئەڵمانیا کە دوای هیوم هاتوون بەم شێوە چاویان لە بەرهەمەکانی هیوم کردوەو ئەم شتێکە بە دژواری بکرێت لێی دوربکەوینەوە، لەبەرئەوەی ئەڵمانییەکان لە بیری ئەوەدان سیستمی گەورەی فەلسەفی بخولقێنن. کۆشکی مێتافیزیکی بە ستایلی ئالۆزی باروک-نەک کەمتر لەوە-هیچ حەزێکیشیان نەبوو بۆ داگیرکردنی ئەو ئەشکەوتە فەلسەفییە سەرەتاییەی لە هیومەوە بە میرات بۆیان مابوەوە. مخابن! فەلسەفە نابێت لەگەڵ ئایدیا و خۆزگەکانی تایبەت بە بیناسازی تێکەڵ بێت.

هیوم لای مامی کە قەشە بوو و دوای باوکی فەیلەسوفی، ببوو بە خاوەنداری ناین وێلز، بە خێو کراو گەورە بوو. دۆخی ناین وێلز، بە لە بەرچاوگرتنی پێوەرەکانی ژیانی مۆدێرنی، زۆر سەرەتایی و دژوارە، خزمەتکارە پێ پەتییەکان، گەوڕی گاکان لە زستاندا و کولانەی مریشکەکان لە نهۆمی خوارەوەی بیناکە، خۆری خواردن کە زۆربەی کات بڕوێشی جۆ، حەلیم و گوڵە کەلەرم بوو( بە حەزی خۆتان سوپی نەریتی یان سودی کەلەرمی ئاوکی و قێزەون دابنێن) , بەڵام هیوم نە ئەو کاتەو نە هیچ کاتێکی تر هەستینەدەکرد لە سەردەمی منداڵیدا بێبەری بووە. هیوم وێڕای منداڵانی گوندەکەی نزیک خۆیان لە کۆخی

مامۆستاکەی ئەو ناوچەیەو لە چوارچێوەی نەریتی یەکسانی خوازانەی سکاتلەندا کە بۆ ماوەیەکی زۆر ، لە پێش هاوتاکەی خۆیەوە بوو لە سنورەکانی باشور، وانەیخوێند. دواتر لە دوانزە تا پازدە ساڵیەوە چووە زانکۆی ئیدینبوور(چوونە زانکۆی ئەدینبوور لەو تەمەنە کەمەدا ئەو کات زۆر شتێکی ئاسایی بوو، ئەمە نەریتێک بوو کە تا سەردەمانی ئێمەش لە ناو خوێندکارانی ئەم زانسنگەدا پارێزراوە.)

دوای ئەمە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا هیوم ماف بخوێنێت، بەڵام ئەو پێشتر بەرەو لایەک رۆشتبوو، بە حەز و خۆزگەوە دەستی کردبوو بە خوێندنەوە لە بواری جۆراوجۆردا. ئەگەر کاتێکی تەرخاندەکرد بۆ خوێندنەوەی ماف، ئەم کارەی بە پێچەوانەی ویستی خۆی دەکرد. دواتر هیوم زیاتر جەختیکردەوە لە سەر خوێندنەوەی فەلسەفە تا ئەوەی رۆژێک «وادیار بوو دەرگایەکی نوێ لە بیرکردنەوە بەرەو روو کرابۆوە.» بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی هیوم، هێدی هێدی شکڵی دەگرت، بیری لە داڕشتنی سیستمێکی فەلسەفی دەکردەوە. ئێستا ماف «شتێکە کە زۆر رقم لێیدەبێتەوە.» سەرەنجام بڕیاریدا بە گشتی بینێتە لاوە.

وەها بڕیارێک ئاسان نەبوو. ئەم کارە بەو مانایە بوو پشتیکردووە لەوەی کە بەختی ئەوەی ببێت ژیانێکی پیشەیی هەبێت. شەڕی دەرونی درێژماوەی هیوم دەربارەی ئەم بڕیارە بوو بە هۆی ئەوەی بەهایەکی زۆر بدات لەم بارەوەو دوای ماوەیەکی توشی تێکچوونی دەرونی بوو.

هیوم گەڕایەوە ناین وێلز، بەڵام چاک بوونەوەی بە شێوەی ماوە ماوە بوو. لە ماوەی نێوان هێرشی خەمۆکیدا، بەو پەڕی حەزەوە دەستی دەکرد بە درێژەدان بە بیرکردنەوەکەی. دکتۆر ئەم ناوچەیە، کە چەندین جار بانگ کرابوو بۆ دەرمانکردنی، لەسەر ئەو باوەڕەبوو هیوم توشی «نەخۆشی زاناکان»بووە. ئەو دکتۆرە «دەورەیەی خواردنی بینێرز(١) و حەبی دژە هیستریا»ی بۆ نوسی، هەروەها ئامۆژگاری هیومی کرد بەوەی کە رۆژانە پایننێکی(٢) ئینگلیسی شەرابی سور بخواتەوە.» هەروەها بۆ ماوەیەکی درێژ دەستبدات بە وەرزشی درێژماوە وەک ئەسپ سواری.

هیوم تا ئەو کات باریکەلە و باڵابەرز بوو، پیاوێکی دەست و پێ سپیلکە

بە دەست و پێی درێژ و لۆقەوە. بەمەشەوە، سەرەڕای رژێمی وەرزشی، ئێستا ئیتر بەرەبەرە قەڵەو دەبوو. بە رۆژدا بە ئەسپ لە ناوچە گوندییە رووت و پڕ لە بەرزی و نزمیدا وەرزشی دەکرد و لەم راهێنانەدا لەگەڵ لەڕتر بوونی ئەسپەکە، سوارەکە کێشی زیاتر دەبوو: تا ئەوەی بەرە بەرە، هیوم قەڵەوبوو و تا ئەو کاتەی مرد هەر بە قەڵەوی مایەوە. ئەمە ئەوە دەخاتە ڕوو نەخۆشییەکانی هیوم لەم ماوەدا، رەنگە تا رادەیەک بە هۆی (غودە)کانییەوە بووبێت.

چاک بوونەوەی هیوم تەواو لەسەرخۆ و بەرە بەرە بوو و رەنگە بکرێت بڵێین هیچکات بە تەواوی چاک نەبوەوە. کۆمەڵێک رووداوی سەیر لە ساڵەکانی دواتر ژیانیدا ئاماژەن بەوەی لە باری رووحییەوە لە دۆخێکی نەگۆڕدا نەبووەو هەردەم باری دەرونی گۆڕاوە.

هیوم نەیدەویست بۆ هەمیشە درێژەبدات بە ژیان لەگەڵ دایکی لە ناین وێلز. ساڵی ١٧٣٤ ناسیاوێکی بنەماڵەیی، پیشەیەکی بۆ دۆزییەوە کە وەک سکرتێری بازرگانێکی دەریایی لە شاری بریستول کار بکات. هیوم بە زۆر هۆکار ئەم کارەی قبوڵکرد، یەکەم ئەوەی کە بە دڵنیاییەوە پێویستی بە پارە بوو، هەروەها دەیزانی ئەم کارە بەو مانایە بەردەوام سەفەری دەرەوەی دەبێت، ئەم بابەتە بۆ هەستی کونجکۆڵی هیوم سەرنج راکێش بوو، جگە لەمانەش، هیوم هەستیدەکرد ئەم کارە زۆر باشە بۆ باری دەرونییەکەی.

کۆمەڵێک بەڵگە هەن کە ئەوە دەخەنە روو هیوم هەموو کات نیگەرانی نەخۆشییەکەی بووە. لە رێگای سەفەر بۆ بریستۆل هیوم لە لەندەنەوە رەت بوو. لەوێ نامەیەکی دورو درێژی بۆ دکتۆر ئاربۆسنات، یەکێک لە پزیشکە ناودارەکانی ئەو سەردەم نوسی. لەم نامەیەدا بە هەموو توانای هەوڵی ئەوە بوو نەخۆشییەکەی خۆی وەسف بکات، هەرچەند ئەم وەسفە، بە هۆی زانستی کەمەوە، هەروەها چەمکە نەگونجاوەکانی ئەو سەردەمەوە، زۆر نامەیەکی قورسە.

هیوم نەخۆشییەکەی خۆی بە کۆمەڵێک رستەی وەک «ئەم نەخۆشییە سەگییە» وەسفکردووەو ئاماژەی دەدات بە «بیرکردنەوەی شێواو»ی خۆی. هیوم دەڵێت:» من هەموو دەم خۆم بە مەرگ، هەژاری، شەرم، ئازار و نەهامەتییەکانی

تر بەهێز دەکرد.» ئەو دوای ئەوەی لیستەیەک لەو دەرمانانە دەنووسێت کە پزیشک بۆی نووسیوەو پێیداوە، بێ هیچ پەیوەندییەک باس لە کۆمەڵێک رامانی فەلسەفی دەکات:»من لەسەر ئەو باوەڕەم ئەمە راستییەکی سەلمێندراوە زۆربەی ئەو فەیلەسوفانەی پێش ئێمە مردون بە هۆی گەورەیی و لێهاتووییانەوە لە ناوچوون، بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لەم لێکۆڵینەوەدا سەرکەوتوو بێت، پێویستە لە هەر دەمارگرژییەک بە دور بێت-بەرامبەر بە باوەڕەکانی خۆی و باوەڕی ئەوانیتریش». هیوم نامەکەی بە چەند پرسیار دەربارەی نەخۆشییەکەی کۆتایی پێدێنێت.(ئاخۆ هیوایەک هەیە بە چاکبوونەوەم؟) خۆی وەڵامدەداتەوە «بە دڵنیاییەوە نا»و پێدەچێت ئەم کارە توانیویەتی مەبەستی هیوم بگەیەنێت. هیوم هیچکات نامە ١٠ لاپەڕەییەکەی خۆی نەنارد( هەرچەند بە درێژایی تەمەنی ئەم نامەیەی پاراست و نەیهێشت ون ببێت) وەک ئەوەی زانیبێتی نووسین دەربارەی نەخۆشییەکەی، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لەدەرمان، یان لانیکەم نزیکترین رێگای چاکبوونەوەیە کە هیوم تا ئەو کات پێی گەیشتبوو.

لەم کاتەدا، هیوم بۆ کارکردن لە بریستۆل مایەوەو زانی پیشەکەی وەک سکرتێر ئەوە نییە کە هیچ سەفەرێکی تێدا بێت. پەیوەندی هیوم لەگەڵ خاوەنکارەکەی تا دەهات روو بە خراپبوون دەچوو و سەرەنجام وازی لە کارەکەی هێنا. لە بیستوچوارەمین ساڵرۆژی تەمەنیدا گەڕایەوە ناین وێلز، ئەو شوێنەی وردە وردە بە هۆی هەڵسوکەوتی «خۆبەزل زانین و بێباوەڕییەوە(بێ ئیمانییەوە)، بە بەدناوی ناوی دەرکردبوو.» لەم قۆناغە لە ژیاندا، هیوم داهاتێکی کەمی ٤٠ پاوندی ستریلینگ بۆ ساڵێک بە میرات بۆ مابوەوە، کە ئەمە وایدەکرد بێئەوەی ناچار بێت کار بکات بە قەناعەت و دەست پێوەگرتنەوە بژی.

هیوم لەم سەردەمەدا دەستی دایە نوسینی تێڕوانینە فەلسەفییەکانی، بەو مەبەستەی فەلسەفەیەکی نوێ بخولقێنێت و بەو هۆیەوە ناوبانگ دەربکات(هیوم بە درێژایی تەمەنی ئەم رازە بچوکەی کردبووە ئامانجی ژیانی:»عەشقی من بۆ ناودەرکردنی ئەدەبی، شادی و خۆشییەک کە ژیانم بگرێتەوە.» چارەنوس ئەوە بوو هیوم لە پێگەی کەسایەتییەکی ئەدەبیدا زیاتر ناوبانگ دەربکات، نەک لە پێگەی فەیلەسوفێکدا. خەڵکی بریستول، دواتر وەک گەورەترین نوسەری بەریتانیا

ناویان لێدەبرد، تەنانەت ئێستاش لە لیستی کتێبخانەی بەریتانیادا وەک «دیڤید هیوم، مێژوو نوس» ناوی هاتووە. دوای چەند مانگ هیوم بڕیاریدا بڕواتە فەرەنسا. لەوێ دەیتوانی بە ئاسانی بەو داهاتە کەمەی بژی و لە تەنیاییدا بێئەوەی کەس موزاحیمی بێت یان کار بکات، هەموو کاتی خۆی بۆ فەلسەفە نوێکەی تەرخانبکات.( لە ناین وێلز مامی و دایکی هەموو کات لای بوون و هیچ کامیان عاشقی فەلسەفە نەبوون.) دەگێڕنەوە هیوم بە پەلە ناین وێڵزی بە جێهێشت. تازە ڕۆشتبووە فەرەنسا ژنێکی گەنج و سەڵتی ناین وێڵز بە ناوی «ئاگنێس» کە دەوترێ پێشینەکەی خراپی بووە لەم بارەوە، سکی پڕبوو. جۆری روانین بۆ ئەم بابەتە لە سکۆتلەندی ئەو سەردەم زۆر ئاینییانە بوو. ئاگنێسی هەژار و بێدەسەڵات، لە کەنیسە نیشانی هەمووان دراو لەوێ قەشەی ئەو ناوچە(مامی هیوم) وتاری باو و ئاشکرای گوناهبار بوونی ئەو ژنەی خوێندەوە کە بە خۆزگە خواستن بەوە کە مەرگی باوەڕدارانە لە کاتی منداڵبووندا ببێت بە نسیبی کۆتایی هات. وەک ئەوەی ئەم شانۆی رەحم و عەشقی مەسیحانەیە بەس نەبێت، دواتر ئێگنێسیانی پەل کێش کرد و هێنایانە بەردەم ئەنجومەن، ئەو شوێنەی بە ئەگەری زۆر بۆ ئەوە بووە سزای زیاتری بدرێ، ئەگەری ئەوە هەیە هاوکات بووبێت لەگەڵ سوکایەتی پێکردنی ئاشکرا، کە هەموو دەم شێوەکاری پەسەندی کۆمەڵگای فریوکار و درۆزنە بۆ سزادات(بیستومە ئەم کارە بە هۆی ئازادی خوازی ناوشیارانەوەیە، شادی و خۆشحاڵییەک کە لەم راستییەوە سەرچاوەی گرتوە، کە تۆ هێشتا توش نەبووی.) لە کاتی لێپرسینەوە لە ناو خەڵکەکەدا، سەرەنجام ئێگنێس رایگەیاند هیوم-کە ئەو کات لەوێ نەبوو- باوکی منداڵە لە دایک نەبووەکەیەتی، رەنگە ئەم کارەی بۆ ئەوە کردبێت باوکی راستەقینەی منداڵەکە لە سزادان دور بخاتەوە. بە هەرحاڵ ئەمە بڕیاری کۆتایی کۆبوونەوەکە بوو، هیچکات راستییەکەی بۆ کەس دەرنەکەوت:

به جیاوازییەکی بەرچاوەوە، ئەمە گرنگترین بەڵگەیەکە لە بەردەستماندایە دەربارەی حەزە سێکسییەکانی هیوم. بە وتەی ماسنەر هیوم لە سەردەمی ژیانی دواتر لە ئیتالیا، فەرانسە و سکۆتلەند، سەلماندی لە باری حەزی سێکسییەوە کەسێکە کە حەزەکانی ئاددی و سروشتین.» لەو رووەوە کە هیچ رووداوێکی

تر دەربارەی حەزە سێکسییەکانی نەنوسراوەو بەجێنەماوە، تەنها دەتوانین بڵێین کە ئەم حەزە سرووشتییە، بە میوانداری لە گەڵ ژنە خزمەتکارەکەی و ئەو خاتوونانەی میوانداری هیومیان دەکرد، دادەمرکایەوە لەو رووەوە هیوم یەکێک بووە لە کەسایەتییە دەگمەنە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە کە توشی نەخۆشی سفلیس نەبووە، پێناچی ئەم میوانداریانە زۆر بەردەوام بووبێت. یان هیوم لەگەڵ ژنانی لەشفرۆش کە ئەو کات لە کێشەی ئاوی گەرم هەرزانتر بوون رایبواردبێت. (مەبەست لەم وێکچواندنە، تەنها رادەربڕینێکی تۆخی کۆمەڵایەتی-ئابورییە و مەبەس ئەوە نییە سوکایەتی رەگەزی تێدا بێت. ئەم کیسە ئاوە گەرمە مرۆڤ ئاسا و نەخۆشانە، زۆربەی کات دوای توشبوون بە چارەنوسێکی لە چەشنی ئیگنێس، شێوەو شکڵی خۆیان دەدۆزییەوە، قوربانییەکانی دووڕوویی و فریوکاری کە بەشێکی زۆر پێویست و جیانەکراوەن بۆ هەموو کۆمەڵگە بەڕێزەکان کە هێگاتووە لە ئازار خوازە شاراوەکان.)

هیوم سەرەتا روویکردە شاری رێنس بۆ ئەوەی لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام دواتر چووە شاری لافلەش، کە ئەم کۆچەی بە ئەگەری زۆر بە هۆی پێوەندی ئەم شارەوە بووە لە گەڵ دیکارت کە لە خوێندنگەی ژێزۆئێت لەم شارە خوێندبووی. هیوم لە ماوەی سێ ساڵدا کتێبی «نامە دەربارەی سروشتی مرۆڤ»ی نوسی. هیوم دواتر گاڵتەی بەم کتێبە دەکرد لە بەر ئەوەی بە فرەوێژی و چەنەبازی گەنجانەی دەزانی، بەڵام هیچکات پشتی نەکرد لە فەلسەفەی ئەو کتێبە، کە تا رادەیەک هەڵگری هەموو ئایدیای فەلسەفەی داهێنەرانەی هیومە، کە ئەمڕۆکە بەو هۆیەوە هیوم فەرامۆشنەکراوە و یادی زیندو ماوەتەوە، بێرتراند راسێل لە کتێبی مێژووی فەلسەفەی رۆژئاوای خۆیدا، تەنانەت لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم کتێبە «نامە دەربارەی سروشتی مرۆڤ» هەڵگری باشتری بەشەکانی فەلسەفەی هیومە. سەرکەوتنێکی گەورە بۆ پیاوێک کە هێشتا نەگەیشتوەتە تەمەنی ٣٠ ساڵی.

هیوم لە کتێبی(نامە دەربارەی سروشتی مرۆڤ»دا هەوڵیدا بنەماکانی ناسینی مرۆڤایەتی پێناسە بکات. چۆن بە تەواوی باوەڕە بە بابەتێک دەکەین؟ ئەو شتە چییە بە تەواوی باوەڕمان پێی هەیە؟ هیوم لە وەڵام بەم پرسیارانە، درێژە دەری نەریتی ئەزمونگەراکانە، لەسەر ئەو باوەڕەیە سەرجەم ناسینی ئێمە

سەرەنجام پشت بە ئەزمون دەبەستێ و بە هۆی ئەزموونەوەیە. لە روانگەی (هیوم)ەوە، تێگەیشتنەکانی ئێمە دوو جۆرن. ئەو تێگەیشتنانەی کە بۆ زۆرترین هێزەوە دێنە ناو مێشکەوەو دەتوانین ناوی بنێین کاریگەرییەکان(Impressions) مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم ناوە، هەموو هەست، ئاکارو سۆزەکانە کە بۆ یەکەم جار لە دەروندا دەردەکەوێت. مەبەستی من لە وێناکان(بۆچوونەکان)(Ideas) شێوە کەم رەنگە زەینییەکانی کاریگەرییەکانە لە ئایدیا و بیرکردنەوەدا.

هیوم بەم شێوەیە شیدەکاتەوە» هەر وێنایەکی سادە، هەڵگری کاریگەرییەکی سادەیە کە وەک وێناکە دەچێت:»بەڵام ئێمە دەتوانین وێنای لێکدراویش دروستبکەین.» ئەم وێنا لێکدراوانە بە هۆی وێنا سادەکانەوە، بە هۆی کاریگەرییەکانەوە، دروستدەبن، بەڵام مەرج نییە کوت و مت وەک کاریگەرییەکان وابێت. بۆ وێنە دەتوانین (وێنای لێکدراوی) پەری دەریای ، بە ئاوێتەیەک لە وێنایەک کە لە ماسی و وێنایەک کە لە ژن هەمانە دروست بکەین. هیوم بە باوەڕی پتەوەوە بە گریمانی کاریگەری و وێناکان، وەک تەنها بنەمای ناسینی ئێمە، بە کۆمەڵێک ئەنجامی سەرسوڕهێنەر گەیشت. هیوم شتەکان، بەردەوامی، خود(Ego) یان دەرون و تەنانەت و هۆکار و بەرهۆ(دال و مەدلول) ی بە گریمانەی هەڵە دەزانی. ئێمە هیچکات، لە راستییدا لە خودی شتەکە ناگەین و ئەزمونی ناکەین، تەنها کاریگەرییەکانی رەنگ، شێوە، تام و کۆمەڵێک تایبەتمەندی تری وەک بەردەوامی و... ئەزمون دەکەین. هەر لەسەر ئەم بنەمایە، ئێمە هیچ کاریگەرییەکی کردەکیمان لە بەردەستدا نییە کە لەگەڵ بەردەوامیدا یەکبگرێتەوە. رووداوەکان یەک لە دوای یەک روودەدەن. تەنانەت ناتوانین بڵێین شتێک هۆکاری روودانی شتێکی ترە. دەتوانین ببینین شتێک، هەموو دەم بە دوای شتێکدا روودەدات(بارووت دادەگیرسێ، تەقینەوە) بەڵام هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی نییە لە نێوانیاندا، هەروەها هیچ هۆیەکی لۆژیکیش لە ئارادا نییە بەوەی ئەم رووداوانە هەر بەم شێوەیە لە داهاتوودا روودەدەن.»ئێمە هیچ وێنایەکی ترمان لە دال و مەدلول نییە، جگە لە وێنای شتە دیارەکان کە بەردەوام گرێدراوی یەکترن. جێگیر بوون لە رێگای رەوتی سادەی ژماردنەوە، بێبەرییە لە هێزی لۆژیکی( بۆ سەلماندنی ئەو پێویستی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول). سەرجەم

(قوو)ەکان سپی بوون بەرلەوەی (قوو)ە رەشەکان لە ئۆستراليا، لە سەردەمی هیومدا بدۆزرێنەوە، کە وایە قووەکان سەدا سەد سپی نەبوون، وەک چۆن ئاگر تەنیا هۆکاری تەقینەوەی بارووت نییە.

بیرکردنەوەی هیوم کێشەی زۆری تێدایە کە تەنها ناگەڕێنەوە بۆ تێگەیشتنی باو یان عەقڵی سالم. چۆن دەکرێ درێژە بە ژیان بدەین، ئەگەر ئەمە هەموو ئەو شتە بێت کە باوەڕمان پێی هەیە؟ هیوم ئاگاداری ئەمجۆرە رەخنەگرتنە بوو لە فەلسەفەکەی. «کە ئێمە ژوورەکەمان جێدێلین، سەرقاڵی کاروباری رۆژانەمان دەبین، پێدەچێت ئەنجامەکەی لە ناو بچێت، وەک چۆن خەیاڵەکانی شەو بە هاتنی رۆژ لە ناو دەچن.» کارێکی ئەستەمە ئێمە ئەم باوەڕە بپارێزین کە بە زەحمەت پێیگەیشتووین. لە راستییدا ئەو خاڵەی هیوم ئاماژەی پێداوە هەمان لەرزۆک بوونی ئاشکرای دۆخی مرۆڤە لە بواری ناسینەوە. ئێمە لامان وایە زۆر شت دەزانین، بەڵام لە راستییدا بەشێکی زۆر لەو شتەی لامانوایە دەیزانین تەنها گریمانەیەکی تۆخە و بەس، گریمانەیەی کە جێگای باوەڕن، بەڵام بە هەر حاڵ هەر گریمانەن. ئەم روانگە بە شێوەیەکی سەیر، زۆر وەک دۆخی ناسین دەچێت لە سەردەمی ئێمەدا، ئەو سەردەمەی کە راستییە بنەڕەتییەکانی زانست، لە ماوەیەک لەوە پێشەوە هەرێمی ئیعتبار(باوەڕ هەڵگربوون) یان تێگەیشتنی باو(عەقڵی سالمی بە جێهێشتووە. ئێمە ئەمڕۆکە بە نابەدڵییەوە راستییە زانستییەکان وەردەگرین کە وامانلێدەکەن باوەڕ بکەین لافاوێک لە گەردیلکە ناوکییەکان لە زەوی سەخت و پتەودا بوونی هەیە، سێبەرەکانی دژە ماددە(Anti–Matter) هەنگاو بە هەنگاو بە دوامانەوەن و گۆیەکی کەمانی فەزایی بەرەو دواوەمان دەبات، بەڵام هێشتا درێژە بە ژیان دەدەن لە جیهانی نیوتۆنی دا، لەو دنیایەدا کە سێوە پێگەیشتووەکان، لە لایەن هێزی راکێشانەوە دەکەونە سەر سەوزەڵانیی پتەوی راستی. ئەمڕۆکە ئەو شتەی بڕوامان پێی هەیە ئەوەیە، کە حەقیقەت کەمتر لەوەی کە فەلسەفەی هیوم بانگەشەی بۆ دەکات پووچ و بێ مانا نییە. وەک هەموو کات گریمانەکانی عەقڵی سالم، کە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕ ناتەواو نەشیاوە، هێشتا کافییە.

١.Solipsism ئەو روانگەیەی کە لەسەر ئەو باوەڕەیە تەنها خود بوونی هەیە یان فام هەڵگرە.

٢. Rock–جۆرێک ئامرازی ئەشکەنجەدان بۆ کێشانی ماسولکەکان

٣. Samuel Becket – نوسەر و شانۆنامەنوسی ئایرلەندی(١٩٨٩–١٩٠٦) لە پێشەنگەکانی ئەدەبی نهیلیستی

هیوم سەرەڕای ئەوەی بونیادی هەر جۆرە زانستێکی تێکدەدا، بەڵام رێزێکی زۆری بۆ نیوتن و شێوەکاری ئەزمونی ئەو هەبوو. لە راستییدا گریمانەی هیوم دەربــارەی کاریگەرییەکان، رەنگە لە کتێبی "تیشک ناسی» نیوتنەوە سەرچاوەو ئیلهامی وەرگیرابێت، لەو شوێنەدا کە دەربارەی تیشکە نورییەکان و شتەکان قسە دەکات:» لەو تیشکانەدا هیچ شتێک بوونی نییە جگە لە هێز و سروشتێک، کە وا هەستدەکەین بە رەنگێک دەنوێنێت.»( بە دەربڕینێکی تر ئێمە خۆمان ئەو شتە ئەزمون ناکەین.) هیوم بە قوڵی ستایشی زانست – بە تایبەت وردبوونەوەی لە شێوەکانی زانستی دەکرد. هیوم دڵنیا بوو لەوەی زانست، رێگای داهاتووی باشترە. بەمەشەوە سەیر ئەوەیە فەلسەفەی هیوم پاشەکشەی بە مرۆڤ کردوە، بۆ ئەو شوێنەی مرۆڤ لە سەدەی ناوەڕاست بە دواوە بە دەستی نەهێنابوو. کۆپرنیک شوێنگەی مرۆڤ و زەوی لە ناوەندی بوونەوە خستە دەرەوە. ئەزمونگەرایی خودباوەڕانە (سولیپسیستی) هیوم، بە شێوەیەکی رەها مرۆڤی کردەوە بە چەق و ناوەندی هەر شتێک، کە بوونی هەیە( هەرچەندە دەربارەی هیوم، ئەم بابەتە لە راستییدا زەوی ناگرێتەوەو چ بگات بە کەون.)

روانگەکانی هیوم شتی سەیرو سەمەرەی زۆری تێدایە. بێرکلی پشتی بە بوونی خودا بەستبوو بۆ ئەوەی جیهان رابگرێت ئەو کاتەی خودا نابینین، بەڵام لە فەلسەفەی هیومدا جیهانێک بوونی نییە، هەتا بمێنێتەوە، ئەگەر شتێک نەبێت پێبووترێ مادە، بەردەوامی یان هۆکار و بەرهۆ. کە وایە شوێنێکیش بۆ خودا نامێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە هیوم باوەڕی بە خودا نەبوو، بەڵام فەلسەفەکەی ئێمە بە روانگە و بۆچوونێک دەگەیەنێت، کە زۆر نزیکە لە روانگە و بۆچوونی عارفە بوزییەکانەوە، ( ئەوانیش باوەڕیان بە خودا نییە.) لە حاڵێکدا بێرکلی فەلسەفەی دابەزاند بۆ ئاستی نوکتەیەک، هیوم ئەو نوکتەیەی تەفسیرکرد، بەڵام شتێک دور لە چاوەڕوانی بوو بۆ ئەم کارە، خەڵک هان بدات بەوەی فەلسەفە زۆر بە هەند وەربگرن.

ساڵی ١٧٣٩ هیوم گەڕایەوە بۆ بەریتانیاو «نامە»ی خۆی بڵاو کردەوە. ئەو دواتر بەوپەڕی ئاسودەییەوە دانیشت و چاوەڕوانی هێرشی وەحشیانەو دوژمنانەی رەخنەگرانی بوو، بۆ ئەوەی بەوپەڕی وشیاریی و تێگەیشتنەوە وەڵامیان بداتەوە، بەم شێوەیە توانی کۆمەڵێک شت بە دەست بێنێت وەک ناوبانگ، پارە، پەسەندکردنی لە لایەن شاعیران و دەوڵەمەندەکانەوە، عەشقی ژنانی شۆخ و ژنانی دەوڵەمەند، ئەمانە هەموو ئەو شتانەیە کە فەیەلەسوفێک تازە دەستیکردوە بە نوسین، چاوەڕوانیان دەکات، بەڵام بە داخەوە بڕیار نەبوو شتەکە بەو شێوە بێت. شاکاری گەورەی هیوم، وەک چۆن خۆی دەڵێت :» بە مردویی چاپ بوو.» بەرهەمەکەی خراپترین چارەنوسی بە سەرهات. کەس پێی نەزانی، بەڵام پەرچەکرداری هیوم چ بوو؟ « لەو رووەوە بە شێوەیەکی سروشتی ، خوو و خەدەیەی شاد و گەشبینم هەیە، زۆر زوو خۆم لەمە رزگارکرد و وامکرد ئەم شتە کاریگەری رۆحی زۆری نەبێت لە سەرم. گەڕایەوە بۆ ئەدینبورۆ، دەستیکرد بە نوسینی چەند وتارێک دەربارەی ئاکار و سیاسەت. ئەم وتارانە تا ڕادەیەک بوو بە هۆی ئەوەی ناوبانگ دەربکات، ساڵی ١٧٤٤ هیوم خۆی کرد بە پاڵێوراوی کۆرسی فەلسەفەی ئەخلاق لە زانکۆی ئەدینبورۆ. بە داخەوە زانرا لانیکەم کەسێک کتێبەکەی ئەو»نامە دەربارەی سروشتی مرۆڤی خوێندوەتەوە، هەر بۆیە بە پێی ئەم نامەیەی هیوم، باس لەوە کرا ئەم کتێبە هەڵگری کۆمەڵێک نوسراوی کافرانەیە، هەر بۆیە دژایەتی کرا دژ بە پاڵێوراو بوونی هیوم بۆ بە دەستهێنانی ئەو کورسیە. ئەمانە کۆمەڵێک تۆمەتی گەورە بوون بە ئاسانی نەیدەتوانی نکۆڵیان لێبکات، بە تایبەت لەبەرامبەر کەسێکدا کە زۆر باش کتێبەکەی خوێندبویەوە( ئامانجی یەکەمی هیوم بۆ گێژکردنی رەخنەگرانی خۆی کە لێیکەوتوون بە رقدا وەڵامێکی زۆر وشیارانەبوو، کە لەسەر ئەم گریمانەیە داڕێژرابوو ، ئەم رەخنەگرانە، دەست نابەن بۆ ئەم کارە بێوێنەیە. لە راستییدا کتێبەکەی ناخوێننەوە.) ئەم پیشەیەی باسمانکرد لە زانکۆ بە هیوم نەدرا، هیوم بەو پەڕی رق و توڕەییەوە ئەدینبورۆی بە جێهێشت.

هیوم ئێستا بڕیاری دابوو پیشەیەک بدۆزێتەوە زۆرتر لەگەڵ توانایییەکانیدا بگونجێت. سەرەنجام پێشنیار کرا ببێت بە مامۆستای ماڵەوەی مارکۆس ئاف

ئاناندالی شێت، لەماڵەکەی لە نزیکی ئالبانێز لە باشوری رۆژهەڵاتی بەریتانیا، وا دیار بوو ئەمە کارێکی زۆر باشەو هیوم رازیبوو. ئەو کاتانەی گەورەکەی هیوم تەنانەت لەوسەری ئاماژە فەلسەفییەکانەوە بوو ( کە وادیار بوو بە دواین رێگا چارە دەزانرێ.) هیوم دەستیکرد بە نوسینی مێژووی بەریتانیا، بەڵام زۆر زوو نائومێد بوو وازی لەم کارە هێناو بەڵێنی بەخۆی دا لە کاتێکی تردا بڕواتەوە سەر ئەم کارە.

وڵاتەکەش ئەو کاتە تووشی جەنگێکی شێتانە ببوو. بەسەرهاتەکە بەم شێوە بوو، کە لایەنگرانی پاشایەتی جەیمزی دوهەم لە ساڵی ١٧٤٥ دژ بە پاشایەتی بەریتانیا لە سکۆتلەند، شۆڕشیان کردبوو، ئەرتەشی سکۆتلەند کە پێنج هەزار کەس بوو بە سەرکەوتوویی هێرشی کردە سەر بەریتانیا. دواتر بە سەرشۆڕی پاشەکشەیکرد و سەرەنجام لە شەڕی کالودێن قەتڵ و عامکرا. بەختەوەرانە هیوم بە درێژایی ئەو شۆڕشە لە بەریتانیا دەژیا، هەر بۆیە دەیتوانی بە شێوەیەکی بێ لایەنانەن چاو لەو جەنگە بکات. هەندێ لە هاوڕێکانی لە ئەدینبورۆ هەرکامەیان لایەنگریان لە یەکێک لە بەرەکانی جەنگ کرد و ئەم کارە ئەنجامی خراپی لێکەوتەوە. رادەڕبڕینی وشک و بێڕۆحی هیوم دەربارەی ئەم رووداوە بەم شێوە بوو:» هەشت ملیۆن کەس (رەنگە) بە دەست پێنج هەزار کەس، کە بوێرترین لە هەمانکاتدا بێنرخترین خەڵکەکانیان تێدا بوو، ملکەچکراون وەک کۆیلە چاویان لێدەکرێ.»

ئەم رووداوە کاریگەری زۆری کردە سەر هیوم . ئەو بە روونی مێژووی لە چواردەوری خۆی بینیبوو، هەرچەند خۆی راستەوخۆ بەشداری تێدا نەکردبوو. ئەم کەمایەتییە زۆر زوو قەرەبوو کرایەوە، ئەو کاتەی لە مامۆستایەتی تایبەتی نەخۆشێکی دەرونی (شێتێک) دەرکرا، بە ناچار رازی بوو بە حەقدەستێکی کەم وەک سکرتێری جەنەڕاڵێک دەستبکات بە کار کردن.

جەنەڕال جەیمز سێنت کلێر ئەو کاتەی سکرتێرە تازەکەی دامەزراند، چاوەڕوان، بوو بڕوات بۆ هێرشێک دژ بە فەرەنساوییەکانی کەنەدا. بە ماوەی چەند مانگ، ئەرتەش و کەشتییەکان بۆ ئەم هێرشە سەربازییە لە بەندەری پۆرت مێس ئامادە کران، بەڵام وەزیر، واتە دوک نیوکاسڵ، هێشتا بە تەواوەتی

نەیدەتوانی بڕیار بدات چ بکات لەم ئەرتەش و کەشتییانە. وەزیر پیاوێک بوو کە دەربارەی دەوترا هەموو بەیانییەک نیو کاتژمێر وندەکات و بە درێژایی ڕۆژ بە شوێن ئەو نیوکاتژمێرەدا دەگەڕێت! سەرەڕای ململانێی زۆر دژوار، ئەم سەردەمە لە ڕاستییدا سەردەمێکە کە بەریتانیا بە خراپترین شێوە ئیدارە دەکرێت، بابەتێک کە بە دڵی مێژوونوسە فەیلەسوف ڕەفتارەکەی ئێمە بوو، کە ئێستا دەیتوانی لە نزیکەوە دەیتوانی سەیر و سەمەرەکانی بیروبۆچوونی سەربازی بە کردوە ببینێ.

سەرەنجام دوک نیوکاسێل، نیو کاتژمێرە ونبووەکەی خۆی دۆزییەوەو فەرمانیدا بە هێزەکەی جەنەراڵ سێنت کلێر بدەن لە دەریاوە هێرش بکەنە سەر فەرەنساوییەکان، بەڵام نەک لە کەنەدا، بەڵکو لە فەرەنسا. کە جەنەراڵ سێنت کلێر لە دوکی پرسی چ بکەن لەو ڕێ نیشاندەرە هێندیانەی کە بە تایبەت پـەروەردە کراون و لە کەشتییەکەدا دانـراون، پرسیارەکەی بەبێ جێ زانرا و وەڵامینەدرایەوە. جەنەراڵ دواتر پرسی هێرش بکەنە کوێی فەرەنسا؟ وەڵامیدرایەوە، بۆ هەر کوێ بۆتان کرا. جەنەراڵ سێنت کلێر(وێڕای سکرتێرەکەی) بە بەلەم گەڕایەوە بۆ پۆرتس مێس و چووە کەشتی فەرماندەیی ئەرتەشەوە. ئەو کاتە بوو تێگەیشت کێشەیەک هەیە، کەس لە هیچکام لە کەشتییەکاندا نەخشەی فەرەنسای پێ نەبوو. هیوم پێیراگەیاند ئەو ئەزانێت نەخشەی وڵاتی فەرەنسا چۆنە. ئەگەر جەنەراڵ حەز بکات، تەنانەت دەتوانێ نەخشەکە بکێشێت، بەڵام سەرەنجام ئەفسەرێکیان نارد بۆ ئەوەی لە کتێب فرۆشییەکانی ئەو ناوچەیەدا نەخشەیەکی فەرەنسا پەیدابکات، ئەفسەرەکە بە کتێبێکی کۆن دەربارەی فەرەنسا کە بە ڕێکەوت نەخشەیەکی فەرەنسا بە پشتەکەیەوە بوو گەڕایەوە. هیوم پێیوتن کە نەخشەکە دروستە و جەنەراڵ بەرەو فەرەنسا کشتییەکانی خستە ڕێ، پێیوترابوو تا ئەو کاتەی ڕاست بەرەو باشوور دەڕوات ڕێگای فەرەنسا ون ناکات.

سەرەنجام هێزی دەریایی بەریتانیا دەگەنە بەندەری لۆریان لە فەرەنسا( بەو هۆیەی ئەم بەندەرە کەوتوەتە لێواری باشووری ڕۆژئاوایی بەریتانیا، بە سەر بەریتانیادا زاڵ نییە، ئەوە دەگەیەنێت جەنەراڵ سێنت لۆریان سەرەتا، سەرکەوتوو بووە لە ونکردنی ڕێگای فەرەنسادا.) جەنەراڵ هێزەکەی خۆی لە لێواری بەندەری لۆریان دابەزاند( لە حاڵێکدا هیوم خەریک بوو نۆتی هەڵدەگرت بۆ کتێبێک کە

دەیویست بینووسێت دەربارەی مێژووی بەریتانیا). جەنەرال دەیویست دورگەی لۆریان و شوێنی لەنگەر خستنی کەشتییەکان گەمارۆ بدات، بەڵام بە داخەوە، راست دوای ئەوەی دابەزی بارانێک بە خوڕ دەستیپێکرد. سێ هەزار سەربازەکەی بۆ ماوەی سێ مانگ لە کەشتییەکەدا زیندانیکران و لەو رووەوە لە ناو قوڕ و لیتەدا رێیان دەکرد ماسولکەکانی قاچیان داگیرا. سەرەنجام ئەوان تەنانەت نەیاندەتوانی راست بوەستن. عەقڵی سالم دەڵێت رەنگە شتێک زیاتر لە ئاوی باران کاریگەری ببێت لە دروستبوونی ئەم دۆخەدا.) لەم کاتەدا، لۆریان فەرەنساوییەکان زانیان ژمارەی ئەوان زۆر زیاترە لە هێزە هێرشبەرە بەریتانیاییەکان و رێژەیان حەوت بە یەکە. هێزەکانی دوو لایەنی جەنگ چەند جارێک یەکتریان شوێنی یەکتریان تۆپباران کرد و دواتر دوژمنان لە هەردوو لا بڕیاریاندا شەو دەربارەی دۆخی جەنگ زیاتر بیر بکەنەوە. فەرماندە پلە بەرزەکانی بەریتانیا زۆر زوو بەوە گەیشتن عاقڵانەتر وایە سەربازە گۆجەکانیان لە تاریکی شەودا سواری کەشتی بکەن و پاشەکشە بکەن. لەم کاتەدا فەرماندەی فەرەنساوییەکانە، بە کۆمەڵێک هۆکار کە تەنها فەرماندە سەربازییە هەڵکەوتووەکان دەتوانن بزانن بۆچی، بڕیاریدا تەسلیم بێت. کاتێک ئەرتەشی گەورەی فەرەنساوی رۆژی دواتر بۆ تەسلیمبوون گەیشتە شوێنی سەربازە بەریتانیاییەکان، چەند سەربازی بەزیوی بەریتانیایی، لە بەشی تۆپخانەیان دی کە بە لای چەک و چۆڵە تەڕەکانیانەوە خۆیان ماتکردوە، بۆ ئەوەی باران تەڕیان نەکات و وەک ئەوە وابوو لە بیر کرابێتن. ئێستا ئیتر فەرەنساوییەکان دەیانزانی رێژەیان بەرامبەر بەریتانیاییەکان پێنج هەزار کەس بە یەک کەسە. ئەوان زۆر عاقڵانە تێگەیشتن ئەم بەریتانیاییانەی پێداویستی تەواویان نییە بەوەی ئەم هەموە سەربازە تەسلیم بووە وەربگرن، بۆیە بەریتانیاییەکانیان بە دیلگرت. لەم ناوەندا پاپۆڕە بەریتانیاییەکەی و ئەو فەیلەسوفەی تێیدا بوو (دەیڤید هیوم) لە تۆفانی دەریـادا بێ سەرو شوێن بوون و دوای مەترسییەکی زۆر، هەمووان بەرەو وڵاتەکەیان (بەریتانیا) گەڕانەوە بەوەی مەدالیاکانیان وەربگرن.

جەنەراڵ سێنت کلێر، بە هۆی ئەم شەڕە گـەورەوە، پلەی رێبەری وەفدێکی نوێنەرایەتی سیاسی پێبەخشرا، کە بەرەو ڤیەن و تۆرین دەڕۆیشتن. جەنەراڵیش لەگەڵ سکرتێرەکەی(هیوم)و راوێژکارانی سیاسی خۆی بەڕێکەوت.

هیوم پەرچەکرداری جیاوازی هەبوو دەربارەی سەفەرە ئەوروپییەکانی. ئەو زۆر زیرەکانە بەم شێوە رای خۆی دەربڕی:" ئەڵمانیا پڕە لە خەڵکانێکی راستگۆ و زەحمەتکێش، ئەگەر یەکگرتوو بوون، دەبن بە گەورەترین هێز کە تا ئێستا وێنەی نەبووبێت لە جیهاندا." ، " لە فەرەنسا زۆر باشتر لەگەڵ خەڵک هەڵسوکەوت دەکرێ‌و ئاسایشێکی زۆرتریان هەیە و لەگەڵ ئەوەی هەموویان هەوڵیان ئەوەیە خۆیان بە بەریتانیایی نیشانبدەن، هیچیان لە بەریتانیایی کەمتر نییە،" بەڵام هیوم زۆر نەکەوتە ژێر کاریگەری خەڵکی نەمساوە لە ئوستریا:" بە هەمان رادە کە ئەم وڵاتە لە باری سروشتی تازەیە خۆش و سەرنجڕاکێشە، دانیشتوانەکەی وەحشی و ناشیرین و دێوەزمە ئاسان." ژمارەیەکی زۆریان ملێکی درێژ و شۆڕەوەبوویان هەیە. هەموو گوندەکان پڕن لە خەڵکی گەوج و کەڕ و نەفام. روخساری گشتی ئەم خەڵکە ناشیرینترین روخسارە تا ئێستا دیبێتم. وەک ئەوە وایە ئەمە جادەیەکی گەورە بووبێت کە هەموو خێڵە وەحشییەکانی دونیا لەم رێگەوە هێرش بکەنە سەر ئێمپراتۆری رۆم. ئەو خێڵە وەحشییانە پاشماوەی سوپاکانی خۆیان بەر لە چوونە وڵاتی دوژمن، لێرە بەجێ دەهێشت." پەرچەکرداری هیوم تەنها بە هۆی ماندوێتی زۆروە نەبووە لە ئەنجامی سەفەرێکی دور و درێژ بە تەنیشت کێوی ئاڵپەوە. تێبینییەکانی ئەو لەوە ناچێت زێدەگۆیی تێدا بێت، هەرچەند ڕەنگە بۆچوونەکانی هەڵە بووبێت. ئەمڕۆ ئەوە دەرکەوتووە دانیشتووانی ئەو ناوچەیە لە خورادنیاندا یۆد کەم بووە ،کە بە هۆی کەمی یۆدەوە نەخۆشی گواتر لەو ناوچەیە باو بووە، هەروەها بووە بە هۆی ئەوەی کاریگەری لە سەر بیر و هۆشیان ببێت.

بەڵام خەڵکانی ئەو ناوچەیە تووشی نەخۆشی دەرونی نەببوون. کە وەفدی نوێنەرایەتی گەیشتە تورین، هیوم نەخۆش کەوت. یەکێک لە هاوڕێکانی لەم سەفەرەدا بەم جۆرە دەنووسێت:" هیوم تای زۆر بەرز بوو کە بە پێی هێما سروشتییەکانی، هەڵیت و پڵیت بێژی و وڕاوە کردنی لەگەڵ بوو. ئەو کاتەی نەخۆشییەکەی زۆرتر دەبوو و تاکەی دەچووە سەرەوە زۆر جار بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر کە بە روخساریدا دیار بوو، باسی لە شەیتان و جەهەنەم و عەزابی جەهەنەم دەکرد و شەوێک ئەو کاتەی پەرەستارە چاودێرەکەی خەوی لێکەوتبوو هیوم

لەسەر جێگاکەی خۆی هەستابوو بەرەو چاڵێکی قوڵ، کە لە حەوشەکەدا بوو ڕۆشتبوو بەو مەبەستەی وەک چۆن دواتر دەرکەوت خۆی بخنکێنێ، بەڵام کە زانی دەرگای پشتەوە داخراوە خێرا بەرەو ژوورێک ڕۆشت، دەیزانی دانیشتوانی ئەو ژوورە شمشێرەکانی خۆیان لەسەر کاناپەو قەنەفەکان دادەنێن و لەوێدا بوو خزمەتکارەکان بە دەنگە دەنگی هیوم کە هەوڵیدەدا دەرگاکە بکاتەوە، خەبەریان بووەوەو هیومیان بینی و بە زۆر گەڕاندیانەوە بۆ سەر جێگاکەی."

هیوم زۆر زوو چاک بوویەو ئەم بەسەرهاتە "سەیر و سەمەرەیە" بوو بە هۆی گاڵتەجاڕ و پێکەنینی هاوڕێکانی. هیوم تێڕوانینێکی قوڵتری بۆ ئەم شتە هەبوو و بەم شێوەیە نارەزایەتی خۆی دەردەبڕی. :" ئێوە لاتانوایە فەلسەفە هۆیەکە بەوەی کە من لە شێتی دور بم؟ ئۆرگانیزمی مێشکی من زیانی پێگەیشت و من بە ئەندازەی هەر کەسێک کە لە شێتخانەیەکدا بێت شێت ببووم." وا دیارە هیوم بە تەواوی ئاگاداری نەخۆشی دەرونی خۆی بوو کە لە هەمووان شاراوە بوو و لەو شتە دەترسا. دەربارەی کاریگەری ئەو نەخۆشییە دەروونییە لە سەر چالاکییە فیکری و تیۆرییەکانی هیوم تەنها دەتوانین گومانی ئەوە بکەین، ئەم خاڵە جێگای سەرنجە کە کەسێکی بێباوەڕی وەک ئەو بەم شێوەیە شێتانە لە جەهەنەم و عەزابی جەهەنم بترسێت و باسی شەیتان بکات. هەر بەم شێوەیە دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە چەند روداوی هاوشێوەی نەنوسراوە لە ژیانیدا روویداوە. رەنگە زۆر پرسیاری گرنگ لەم بارەوە بێوەڵام مابێتەوە.

سەرەنجام جەنەراڵ کلێر و سکرتێرەکەی سەرکەوتووانە ئەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو ئەنجامیاندا، لە حاڵێکدا سەرجەم ئەوروپا گەڕان ئەنجامێکی وەهایان دەستنەکەوت( بە زۆری لەم بوارەدا، دەستکەوتەکان بە مانای شکست و بێهیواییە.) لەم کاتەدا هیوم بەو ئەنجامە گەیشت ئیتر بەسە. دوای فێرکردنی شێتێک و خزمەتکردن سکرتێری جەنەراڵ، ئێستا ئیتر لای وابوو دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر فەلسەفە و جارێکیتر بپەرژێتە سەر فەلسەفە. هیوم گەڕایەوە بۆ ئەدینبۆر و لەوێ سەرلەنوێ دەستکردەوە بە نوسینەوەی بەرهەمە فەلسەفییە شکست خواردووە گەورەکەی. لە یەکەم بەشی ئەو بەرهەمە فەلسەفییە کتێبێکی دوبارە خولقاندەوە بە ناوی "لێکۆڵینەوە دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ"، ئەم

بەرهەمەی کە بۆچوونەکانی هیومی لە هەموو ئەوروپادا بڵاوکردەوە. بەشی کۆتایی نامەکەی نوسییەوەو لەو بەشەی کتێبی "لێکۆڵینەوە دەربارەی بنەماکانی ئەخلاق"ی نوسی، ئەو کتێبەی هیوم هەموو دەم بە هەڵە لایوابوو باشترین بەرهەمی ئەوە.

بەلای خەڵکەوە تێگەیشتن لەم بابەتە دژوارە کە چۆنە فەیلەسوفێکی خود باوەڕ (سۆلیپسیست)، کە گریمانەکانی دال و مەدلول، بەردەوامی و تەنانەت ئیعتباری شتەکانی بردوەتە ژێر پرسیارەوە، دەستئەداتە بە خولقاندنی فەلسەفەیەکی ئەخلاقی، بەڵام لەو شوێنەی کە باس لە ئەخلاقناسی دەکرێت، هیوم پێی باشە ئەنجامی ئەزمونگەرایانە لە کتێبی "لێکۆڵینەوە" لە بیربکات. بەمەشەوە، هیوم لە هەوڵی ئەوەدایە ئەخلاقناسی خۆی گرێ بداتەوە بە سیستمی ئەزمونگەراییەوە.

کەوایە هیوم هەستە سۆزدارییەکان یان ئەو پەرچەکردارانەی کە لە دیترانی دەبینی بە کاریگەرییەکان ناوی لێدەبات. لە لایەکیترەوە هاوسۆزی وەک وێنایەک دەستپێدەکات، بەڵام ئەگەر بە رادەی پێویست بەهێز بێت، دەتوانێت بگۆڕدرێ بە کاریگەری. وەک چۆن لە خوو سروشتی هیوم ئەو چاوەڕوانییە دەکرا، فەلسەفەی ئەخلاقی ئەو لە راستییدا بنەمایەکی ئینسانی هەیە. ئەم بابەتە لەگەڵ بەرژوەندی کۆمەڵایەتی، بەختەوەری مرۆڤی لەگەڵە. هیوم تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان بە پێی بەکەڵک بوون یان گونجاوبوونی ئەو شتە بۆ تاک و کۆمەڵ هەڵدەسەنگێنێ. ئەم باوەڕە لە لیبراڵ دیموکراسی جۆن لۆکەوە وەرگیراوە، کە جەختدەکاتەوە لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی کە مافی سروشتی بۆ شارۆمەندان لە ژێر چەتری یاسادا گەرەنتی دەکات. باوەڕەکانی هیوم کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر "سوودباوەڕانێکی" وەک بێنتام و جۆن ستوارت میل، کە ئەم بۆچوونانەی کردوە بە یاسایەک بۆ" گەورەترین بەختەوەری بۆ زۆرترین کەسەکان". بەڵام ئەم ئاوانە جێگای ستایشە بۆ بەختەوەری کۆمەڵایەتی ، کەموکوڕییەکی زاتی هەبوو. چ هەبوو بۆ وتن دەربارەی ئەوانەی دەکران بە قەڵغانی باڵا، یان قوربانی کاتێک ئیعدامکردنیان بە بەرچاوی خەڵکەوە، خەڵکانێکی زۆری خۆشحاڵدەکرد؟ گۆڕینی ئەخلاقی گشتی بۆ فۆڕمولێکی بیرکاری، کە لەودا زۆربەی جەماوەر دەتوانن

بەختەوەر بن لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ پرسەکان، کەمایەتییەکان لە بەرامبەر هەڵاواردندا خەسارهەڵگر دەبن.

ساڵی ١٧٥٢ هیوم وەک "کتێبدار"ی کتێبخانەی پارێزەرانی ئەدینبۆر دامەزرا. ئەم کارە ئاسانە، دەرفەتی ئەوەی بۆ خولقاند هەتا وتاری فەلسەفی زیاتر دەربارەی بابەتی جۆراوجۆر بنوسێت. لەو سەردەمەدا، وتار، وەک نوێترین ستایلی ئەدەبی ئەو سەردەم، باو بوو. هەرچەند نوسراوەکانی هیوم لە باری ستایلی نوسینەوە بە ئەندازەی ئەدیسۆن (Addison) (١٦٧٢–١٧١٩ شاعیر و وتارنوسی بەریتانیایی) و ستیل(Steele) (وتارنوس و شانۆنامەنوسی بەریتانیایی ١٦٧٢–١٧٢٩) درەوشاوە نەبوو، بەڵام بیرکردنەوەکانی قوڵ بوو. ناوەڕۆکی وتارەکانی ، هەڵگری بابەتی جیاوازی وەک سیاسەت و حەزی جەماوەر و بابەتگەلێکی وەک تراژیدیا و ژیانی هاوسەرێتی و بابەتگەلێکی هاوشێوە وەک چەند ژنەیی و قوتابخانەی رەواقی(١) دەگرتە خۆ. وتارەکانی دەربارەی ئابوری هەڵگری بۆچوونی گرنگە دەربارەی ئەم زانستە نوێیە. وتارەکانی دەربارەی پەرجوو (وەها شتێک بوونی نییە) و خۆکوژی (چۆنتان پێ خۆشە با وابێت) کە سەرەنجام بڵاو بویەوە، زۆر دەنگیدایەوە.

هیوم بە هۆی ئەو کارەی لای جەنەراڵ سێنت کلێر هەیبوو، ئێستا ئیتر راستەوخۆ لە چییەتی مێژوو تێدەگەیشت. ئەو کە لە رێگای ئەم روانگەوە زۆر دڵگەرم بوو لەسەر کارەکەی، بڕیاری دا سەرلەنوێ دەست بکاتەوە بە نوسینی "مێژووی بەریتانیا". ئەم کتێبە بە هێرشی جۆلیۆس سێزار لە ساڵی ٥٥ی بەر لە زایین دەستپێدەکات‌و بە شۆڕشی مەزنی ساڵی ١٦٨٨ کۆتاییدێت. سەرەنجام هیوم مێژووەکەی خۆی لە ساڵی ١٧٦٢ تەواو کرد. هیوم کاری نوسینی ئەم کتێبەی بە رێنمی ناوهێنانی سەرجەم رووداوەکان دەیباتە پێشەوە. هەمان ئەو رێنمەی گیبۆن کاتی نوسینی کتێبەکەی، دارمان و رووخانی ئێمپراتۆری رۆم، کە ٤ ساڵ دواتر بڵاوبویەوە هەمان شێوازی گرتەبەر. مێژووی بەریتانیای هیوم دوای شاکاری گیبۆن لە پلەی دووهەمدا جێیگرت، بەڵام فرۆشی لە کتێبەکەی گیبۆن زۆرتر بوو و بۆ ماوەی نزیک بە یەک ساڵ پڕفرۆشترین کتێب بوو (تا ئەوەی مێژووی مەکۆلی بوو بە بەرهەمی پێوەر.)

مێژووی بەریتانیای هیوم کتێبێکی سەرنجڕاکێشە. ئەم کتێبە، یەکێک بوو

لەو یەکەم بەرهەمانەی بە هێنانەگۆڕی ئێڕوانینە کلتوری و زانستییەکانی ئەو سەردەم، پانتای (بینین)ی خۆی پەرەپێدا. لەو رووەوە کە ئەم بەرهەمە خۆی دورخستەوە لەوەی دان بە دەمارگرژییەکانی سەردەمی خۆیدا بنێت، دەستبەجێ ئەوەیان خستە شوێنی کە بە شێوەیەکی بێهیواکەر لایەنگری دەکات. من لاموایە بۆچوونە کلتورییەکانی هیوم، زۆر بە ویژدانانەیە. هیوم دەربارەی شاعیرانی قەڕنی پێش خۆی دەڵێت کە ئەوان "وەک رەمزی کەسانێکی هەڵکەوتە دەمێننەوە کە حەزی خراپ بەلارێیدا بردون، ئەم وتەیە زیاتر لە هەمووان درایدن دەگرێتەوە... هەم بۆ هۆی توانایە گەورەکانی دریدان و هەم بە هۆی ئەو کەڵکە نابەجێییەی لە بەرهەمەکانی ئەو وەرگیراوە."

روانگە فەلسەفییەکانی هیوم زۆربەی کات کاریگەری باش و ناسکی لە خۆی بە جێهێشت:" نیوتن لەهەمانکاتدا هەوڵیدەدا پەردە لەسەر هەندێ لە نهێنییەکانی سروشت دابماڵێت، کەم و کووڕییەکانی فەلسەفەی میکانیکیشی خستەڕوو، لەم رووەوە رازە نهێنییەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ پانتایەکی ئاڵۆز کە ئەم راز و نهێنییانە تێکەڵیان بوون و تێکەڵیاندەمێننەوە."

ساڵێک دوای ئەوەی هیوم "مێژووی بەریتانیا"ی خۆی بڵاوکردەوە، ئەو شانازییەی پێبەخشرا هەموو بەرهەمەکانی بخرێنە لیستی کتێبە قەدەغەکراوەکانی کەنیسەی کاتۆلیکەوە. لە سەدەکانی بەر لە ئێمە، ئەم ستایشە زۆر وەک خەڵاتی نۆبڵ دەچوو. زۆرتر جەختی لەسەر دەسکەوت و پێشکەوتنە رەسەنە زانستی و مرۆڤگەرایانە و ئەدەبی دەکردەوە، بەڵام هەندێ جار بە هۆکاری سیاسی، پانتایی کاری خۆی پەرەپێدەدا و کەسە فێڵ و تەڵەکە بازەکان و کەسانی سادەی بێناوانیشی دەگرتەوە.

هیوم ساڵی ١٧٦٢ بوو بە سکرتێری باڵیۆزی بەریتانیا لە فەرەنسا ( ئەو جەنگەی کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە بە دەستی کەسانێکی وەک جەنەراڵ سێنت کلێر و فەرماندەی بنکەی سەربازی لۆریان دەستی پێکردبوو سەرەنجام بە فەرمانی هێزی سالمی عەقڵ ، راگیرا.) دانانی هیوم لە پاریس سەرکەوتنێکی گەورەبوو. ئەو ئێستا ئینر وەک ڤۆلتێری بەریتانیا دەناسرا و لە لایەن کۆمەڵگەی مۆدەپەرەستەوە ستایش دەکرا و رێزی لێدەگیرا. باڵیۆز، زۆر زوو بەوەی زانی

ئامادە بوونی سکرتێرەکەی لە کۆبوونەوەکاندا، زۆر زیاتر لەهەر شتێکیتر کە بۆی دەکرا، بە کەڵکە بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا، هیومی هاندا تا ئەو شوێنەی دەکرێ، لە میوانییەکانیدا هاوکاری بکات.

ئێستا هیوم ببوو بە کەسێکی قەڵەوی بێزارکەر. دەم و چاوی هەڵئاوسابوو و سور ببویەوە، زۆری دەخوارد، چێژی لە مەشروب خواردنەوە وەردەگرت،بە گشتی زۆر ناشیرین ببوو، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا کەسێکی وریا و ورد بین و دەم و لفت شیرین بوو. فەرەنساوییەکان بەرلەوە کەسێکی وەک ئەویان نەدیبوو. بەلای ئەوانەوە بە ئەدەب بوون و سەنگین بوون لەگەڵ وردبینی هاومانا بوو. سەرهەڵدانی هەرکام لەوان بەبێ ئەویتریان جۆری هەڵسوکەوتی نامۆی بەریتانیایی بوو. هیوم بە هۆی ئەو جەستە زل و نەگونجاوەیەوە، بواردبوویان لەوەی کە کڕنۆش ببات لە دەرباردا، هەروەها شتێکیتر کە پێویست نەبوو ئەنجامی بدات ئەوە بوو کاتی چوونە دەرەوە پێویست نەبوو بە دوادا بڕوات. هیوم بە پاشا و سەرجەم ئەندامانی بنەماڵەی پاشایەتی ناسێندرا، تەنانەت بە کوڕەزا گەنجەکانی پادشا ناسێندرا کە هەرکامەیان ناچار بوون وتاردانێکی کورت لەبەر بکەن بۆ ڕێز گرتن لە "مۆسیۆ یۆم" (Yoome) (شێوەی دەربڕینی ناوی هیوم بە زمانی فەرەنسا) و زۆر حەزیان دەکرد مێژووی بەریتانیای هیوم بخوێننەوە.

هیوم سەڕەرای ڕەواڵەت و ڕوخساریو ئەو دەرفەتانەی کە بۆی دەخولقا، کەسێکی شاد نەبوو. هیوم لە ناوەوە زۆر بە توندی هەستەکانی خۆی کۆنترۆڵدەکرد. چێژی وەردەگرت لە هات وچۆ لەگەڵ ژنان، بەڵام لە ئەنهاییدا بەم شێوە خۆی وەسفدەکرد:" کەسێک بە ئەدەب و نزاکەت کە هیچ کارێکی خراپی بەرامبەر بە مێردەکان و خۆشەویستەکان ئەنجامنەداوە." بەمەشەوە هەموو ئەم ڕێزگرتنانە بوو بە هۆی ئەوەی بۆ ساتێک ڕەوتی ژیانی خۆی لە دەست بدات. کە لەگەڵ ژنێکی جوان و زیرەک ڕووبەڕوو بویەوەو بە هیومی گەیاند لە باری جەستەییەوە هیومی بە دڵە. هیوم زۆر زوو عاشق و شەیدای ئەو ژنە بوو.

بەڵام ئێرە فەرەنسا بوو، ئەو شوێنەی وەها شتێک سادە نەبوو. کۆنتێس دوو بۆفلێر خۆشەویستی پرێنس دوو کۆنتی، یەکێک بوو لە بەهێزترین کەسایەتییە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە. ئەو ژنە سی و هەشتساڵی تەمەن بوو و هیوم

پەنجا و دوو ساڵی تەمەن بوو. ئەوان زۆر خێرا لەگەڵ یەک بوون بە هاوڕێ، بەڵام هەردووکیان هەوڵیاندەدا لەمە زیاتر نەچنە پێشەوە. ئەوان پێکەوە نامەیان دەگۆڕیەوەو لەو نامانەدا هەوڵیاندەدا زمانی فەرمی ئەو سەردەم هەستی راستەقینەی خۆیان پەردەپۆش بکەن. پەردەیەکی ناسک، ئاڵۆز و لەرزۆک. هیوم بە پرێنس دوو کۆنتی دەگوت:" تۆ منت لە کەمتەرخەم بوون بەرامبەر بە ژیان رزگار کرد." بەڵام واپێدەچوو سەرەنجام هەردوکیان لە یەکتر دەترسان و (بەم شێوەیە) ئەوان رازی بوون بە بێکەڵک بوونی ئەو دۆخە. ئەم پێوەندییە هیچ کەڵکێکی نەبوو، کە هیوم ساڵی ١٧٦٥ گەڕایەوە بۆ بەریتانیا ئیتر هیچکات یەکتریان نەبینی. بەمەشەوە، درێژەیان بە نامەنوسیندا و دواین نامەکان کە لە هیوم ماوەتەوە بۆ کۆنتسی عاقڵی نوسیبوو.

کۆنتس دووبۆفلێر، بوو کە بوو بە هۆی یەکتر بینینی هیوم و رۆسۆ بیرمەندی سیاسی و فەیلەسوفی گەورەی فەرەنسا. ئێستا وا باوە رۆسۆ وەک کەسێکی شێت‌و حەرامزادە (بە مانا سوکەکەی) دەناسرێت، ئەو کەسەی بۆچوونەکانی راستەوخۆ خراپترین جۆری خراپەی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە. ئەمە شتێک نییە بکرێت نکۆڵی لێبکرێت. رۆسۆ لە باری رۆحییەوە کێشەی هەبوو: رۆسۆ خۆی هەر پێنج منداڵە بچوکەکەی کە لە خۆشەویستیەکەی بوون، دا بە دایەنگەی منداڵانی سەرەڕێ، بیروبۆچوونەکانی رەفتار و هەڵسووکەوتێکی پێچەوانەی ئەخلاقی پەسەنددەکرد. رۆسۆ لەسەر ئەو باوەڕە بوو گەورەیەتی راستەقینە لە ”وەحشی بە ئەدەب“دا بوونی هەیە کە شارستانییەت گەندەڵی نەکردوە، رۆسۆ دژ بەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە بوو کە مافی سروشتی گەرەنتی دەکرد کە لایەنگری ئەمر و بۆچوونی ”ئیرادەی گشتی“ دەکرد. رۆسۆ هەستیدەکرد ئەم شتە ”چاکەی هەمووان“ی لێدەکەوێتەوە، ئەم وتەیە ، بە شێوەیەکی سەیر لە سەدەی بیستەمدا رەنگیداوەتەوە. بیروبۆچوونەکانی رۆسۆ هەم ئیلهام بەخشی شانازییەکان و هەم ئیلهام بەخشی زێدەڕۆییەکانی شۆڕشی فەرەنسا بوو، هەروەها درێژەیدا بەوەی دەورێکی گرنگ بگێڕێت لە سەدەی بیستەمدا. دەکرێ بیرکردنەوەکانی لە بزاوتێکی بەردەوامی شاراوە لە رەوتی خۆویستی و لیبراڵیزم، هەروەها فاشیزم و کۆمۆنیزمدا ببینین.

بەڵام ئەو رۆسۆیەی کە هیومی بینی زیاتر لە بۆمبێکی تەوقیتکراو پڕ بوو لە بیر و بۆچوونی تەقینەوەیی. رۆسۆ لە پێگەی مرۆڤدا زیاتر وەک هەڵکەوتەیەک دەناسرا کە ئیلهام بەخشی بزوتنەوەی رۆمانتیک بوو، لە باری کەسایەتیشەوە وەک هەستیارییەکی رووت و لەجوڵەدا ناوی دەرکردبوو. رۆسۆ چ لە باری سروشت و خوو و خەدەوەو چ لە باری بۆچوونی فەلسەفییەوە دژ بە هیوم بوو، بەڵام بەمەشەوە هەردووکیان لایەکیان گرتبوو، هەردوکیان خەباتیان دەکرد بۆ چاکسازی. ئەوروپای کۆنی پادشا سەرەڕۆ و زاڵمەکان و ئەریستۆکراتە خاوەن زەوییەکان، بەرەبەرە جێگای خۆی دەدا بە کۆمەڵگەیەکی شاری گشتگیرتر، بە حەزی لیبراڵ دیموکراتیکەوە. ئەو رەوتەی کە بە دیکارتەوە دەستی پێکردبوو و بە سەرهەڵدانی رۆمانی دەرونگەرایانە بەرەو پێشەوە دەچوو. خۆ وشیارییەکی گەورە لە ئەوروپا دەستیپێکردبوو، سەرهەڵدانی تاک گەرایی کە خۆی بە شێوەیەکی تاک گەرایانە بیری دەکردەوەو بڕیاری دەدا. رۆسۆ زۆر لایەنگری تاک گەرایی، گەشەو سەرهەڵدانی تاک گەرایی و خۆ پەروەردەکردن بوون. هیوم لە باری بیرکردنەوەوە بە شێوەیەکی سەربەخۆیانە و لە گۆشە نیگایەکی جیاواز لە بۆچوونی باو بۆ جیهانی دەڕوانی. شتێک بوونی نییە بە ناو "خود" و کەس تا ئێستا هەستی بە "زەین" نەکردوە، ئێمە خودا یان دال نابینین و ئەزمون ناکەین. لە لایەکیترەوە رۆسۆ فەلسەفەیەکی تۆکمەی بونیاد نەنا و نەخولقاند، بەڵام هەموو دەم بە هۆی بۆچوونە باس هەڵگرەکانییەوە وەک "وەحشی بە ئەدەب" و وتەگەلێکی وەک " مرۆڤەکان ئازاد لە دایکبوون، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا لە کۆت و زنجیردان" لە بیردا دەمێننەوە.

رۆسۆ (دوای بڵاوبوونەوەی کتێبی ئێمیل کە لایەنگری دیموکراسی دەکات و نکۆڵی دەکات لە مافی خودایی پادشاکان) هەڵهاتبوو، هیوم پێشنیاری پێکرد پشتیوانی لێبکات و داڵدەیبدات. بە داخەوە کاتێک رۆسۆ گەیشتە بەریتانیا، ئەوانەی ئازاریاندەدا و بە دوایەوە بوون رۆسۆیان تووشی نەخۆشی دەرونی کردبوو. رۆسۆ هیومی لە باوەش دەگرت و پێیدەگوت کە زۆری خۆش دەوێ، بەڵام تا دەهات دڵنیا دەبوو لەوەی کە هیوم دەستی لە ناو دەستی دوژمنانیدایە و دژ بە ئەو(رۆسۆ) پیلانی گێڕاوە. هیوم هەموو کارێکی دەکرد بەوەی دڵی

رۆسۆ بە جێبێنێت رۆسۆ هەموو کارێکی دەکرد بۆ ئەوەی هیوم بڕەنجێنێ. سەرەنجام بۆ ئەوەی خەیاڵی هەمووان ئاسودە بێت رۆسۆ بەرەو فەرەنسا هەڵهات. لەوێ دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی هەموو درۆو و دەلەسەیەک دژ بە هیوم، فەیلەسوفەکەی ئێمە(هیوم)، کەسێکی هەڵکەوتەی دیبوو، بەڵام هیچکام لەو دوو فەیلەسوفە (هیوم و رۆسۆ) نەیانتوانی لە یەکتر تێبگەن. جۆری دیدار و یەکدیتنەکەیان بە شێوەیەکی شوم، سیمبولیک بوو، شەڕی نێوان روانگەکانی ئەوان ئێستا هەر درێژەی هەیە.

ساڵی ١٧٦٩ هیوم گەڕایەوە بۆ ئەدینبۆرۆ، بۆ ئەوەی لەوێ درێژە بە ژیان بدات. هیوم زۆر قەڵەو ببوو. بە وتەی گیبۆن :"قەڵەوترین ورچی دابەستەی ئێپیکور" (مەبەست هیومە) بە هەموو توانایەوە خەریکی پێداچوونەوەو دوبارە نوسینەوەی مێژووکەی خۆی و بەرهەمە فەلسەفییەکانی بوو، هەروەها خەریکی نووسینی وتار دەبوو، هەروەها هیوم خەریکی نوسینی بایۆگرافی خۆی بوو، کە بە دور و درێژ و سەیر و سەمەرە داڕێژرابوو. رەنگە هیوم بەم کارەی نەیویستبێت بیانوو بدات بە دەست دوژمنەکانییەوە کە ژمارەشیان کەم نەبوو. ئەو وەک دوژمن و جێگای نەفرەت و بێزاری لایەنە پارێزکارەکانی دەسەڵاتدار- کەنیسە، کەش و هەوای نەرینی زانکۆ، و مایەوە، هەروەهاناملکەیەکیش بێ واژۆ بە ناوی "کەسایەتی... لە نووسینی خۆی" دەربارەی هیوم، رەنگە لە نوسینی خۆی، کە هەڵگری زانیاری قووڵبوو دەربارەی کەسایەتی هیوم بڵاوبووەوە. "کەسێکی زۆر باش کە ئامانجی نەگۆڕی ژیانی شەیتانی کردنە." ،"شەیدایەکی کافر، فەیلەسوفێک کە دەزانێت بە حەقیقەت ناگات." " بێبەرییە لە دەمارگرژییەکانی خەڵکی، پڕاوپڕە لە دەمارگرژی تایبەت بە خۆی."

ئیتر هیوم ببوو بە پیرەپیاوێکی ناوداری ئەدینبۆرۆ. چێژی وەردەگرت لەوەی کە نانی شەو لەگەڵ هاوڕێکانیدا بخوات و بە "زۆر خۆر"ناوی دەرکردبوو. هەروەها درێژەی دەدا بە گفتوگۆ و مشتومڕ دەربارەی بیروڕاکانی خۆی لەگەڵ کەسانی هاوسەنگی خۆی، لەوانە هاوڕێی کۆنی، ئادام سمیت فەیلەسوفی کۆمەڵایەتی و ئابووریناسی پێشەنگ. هیوم و سمیت، بیرکردنەوەی هاوبەشیان هەبوو لە بواری فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا و تەنانەت دەوترێ هیوم کاریگەری

زۆری بووە لەسەر ئەو بۆچوونەی سمیث کە دەڵێت بەرژوەندی کۆمەڵگە لە لایەن"دەستی نادیار"ی ململانێیەوە بە باشترین شێوە ڕێبەرایەتی دەکرێت. ئەم دەستە کە کاریگەری هەبوو لە شێوە گرتنی سەدەی بیستەمدا پێدەچێت دەورێکی وێرانکەری هەبێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا، ئەو کاتەی بەرژوەندی زۆر کەم هەیە کە بۆ ململانێ کردن، بەڵام نابێ هیچکام لە هیوم و سمیث بە بەرپرسی نەزانین و بێ عەقڵی ئابووریناسانی ئێستا بزانرێن. ئەوان لە بەرەبەیانی چاخێکدا دەژیان کە ئیمکاناتەکانی ( لە زۆر ڕووەوە) بە ڕواڵەت بێ سنور بوو، ئەو چاخەی کە خۆری ئاسمانەکەی ئێستا خەریکە ئاوا دەبێت.

بـەڵام لە ڕوویـەکـی تـرەوە زۆربـەی بیرکردنەوەکانی هیوم لەگەڵ بیرکردنەوەی سەدەی بیستەمدا بە قووڵی هاوبەسەرهاتن :" ئەگەر کتێبێک- لە بواری ئیلاهیات یان میتافیزیکی قوتابخانە- بگرێت بە دەستمانەوە، دەبێ بپرسین " ئاخۆ ئەم کتێبە هەڵگری بەڵگاندنی دەرهەست نییە دەربارەی چەندایەتی یان ژمارە؟" نا." ئاخۆ هەڵگری هەڵسەنگاندنی ئەزمونییە دەربارەی ئەمری واقع و بوون؟" نا. کە وایە بیسپێرن بە گڕی ئاگر، هەروەها ئەم ڕستەیە:" سەرجەم دونیا هیچ نییە جگە لە وێنایەکی سروشتی کوێر، کە منداڵانی داماو و بێچارەنوس بە بێهێزی جیاکردنەوە یان چاودێری دایکانە، لە باوەشی دێنە دەرەوە." وەها بۆچوونگەلێک لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا زۆر ناوازە و دەگمەن بوو.

بەرەبەرە جەستەو شێوەی ژیان کاریگەری لەسەر هیوم دادەنا. هیوم تا دەهات نەخۆش دەکەوت و سەرەنجام دوو دکتۆری ناسراویان بۆ چارەسەری بانگکرد. ئەوان یەک بە دوای یەکدا، قامکیان دەکرد بە ورگە زلەکەی هیومدا و گوشاریان دەخستە سەری، سەرەنجام هەردوکیان بەو باوەڕە گەیشتن کە (غودەیەکی گەورە لە جگەریدایە تووشی نەخۆشی کردوە. هیوم ئەو گەڕیدە و کنجکۆلە بە دڵ و جەربەزە، بەڵام بە گومان و دێر باوەڕ کەرە، خۆشی قامکی خستە سەر ورگی خۆی و بە دۆزینەوەی لویەک ( کە بە قەد هێلکەیەک گەورە بوو) و ( ساف و گرد ) بوو ، بۆچوونی دکتۆرەکانی پەسەند کرد.

تا دەهات باری تەندروستی ڕوو بە خراپبوون دەچوو، هیوم کێشێکی زۆری لە دەستدا. ئەم هەواڵە کە هیوم لە سەرەمەرگدایە لە هەموو شوێن

بڵاوبویەوەو خەڵک بۆ دیتنی ئەم کافر و بێ دینە گەورەیە، کۆ دەبوونەوە کە ئاخۆ لە سەرەمەرگدا تۆبە دەکاتْ یان نا. بازوێڵ (James Boswell) (نوسەر و مافناسی سکۆتلەندی ١٧٩٥–١٧٤٠) هاتْ بۆلای و زانی هیوم لاواز و رەنگپەڕیو بەرەو مەرگ دەڕواتْ. باوزێڵ لێی پرسی بە باوەڕی ئەو (هیوم) دوای مەرگ ژیانێکیتر هەیە. "هیوم وەڵامیدایەوە، دەکرێ لەتە خەڵوزێک بخرێتە سەر ئاگر و نەسوتێتْ." (نازانرێ ئەم بۆچوونەی دوایین ساتی تەمەنی بە رادەی پێویستْ قووڵ و وردبینانەیە یان نا.)

سەرەنجام دوای ماوەیەک نەخۆش بوون ٢٥ ئۆگۆستی ١٧٧٦ هیوم بێ ئەوەی تۆبە بکاتْ مرد. حەشیمەتێکی زۆر بۆ بینیی رێ و رەسمی ناشتنی ئەو کافرە گەورەیە لەماڵەکەی کۆ ببوونەوە، بەلای خەڵکی رەشۆکی و جەماوەرەوە هیوم کەسێکی ناخۆشەویستْ نەبوو، تەنها لە لایەن کەنیسەوە نەفرەتْ لێکراو بوو، هەروەها بە پێچەوانەی گەورە فەیلەسوفەکانی دواتر فەلسەفەکەی هەر جێگای پەسەندەو وەردەگیردرێ. تەنها لەمپەرێک هەیە. ئەو کاتەی فەلسەفەی هیوم دەخوێنینەوە، دەزانین وەک ئەو فەلسەفە بیر دەکەینەوە، بەڵام دەزانین وەک ئەو فەلسەفە ناژین. ئاخۆ دەکرێتْ ئەمجارە فەلسەفە راستْ بکاتْ و ئێمە هەڵە بین؟

**سەرەنجام**

ئیپیستمۆلۆژی(مەعریفە ناسی)، واتە لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی زانست، بەلای زۆر کەسەوە بە ناوکی سەرەکی فەلسەفە دەزانرێت. بەر لە هیوم ئیپیستمۆلۆژی پیشەیەکی روو لە گەشەبوو، کە بۆچوونی زۆری بەرهەمدەهێنا. سیستمە سەرسوڕهێنەرەکانی فەیلەسوفەکان، لەسەر ئەم بنەمایانە داڕێژرابوو کە جێگای شانازی فەلسەفە بوو، ئەمە خاڵی پۆزەتیڤی فەلسەفە و هۆکاری سەرەکی بوو بـەوەی خەڵک بۆ لای خۆی رابکێشێت. سیستمێک کە هەموو شتێکی شیدەکردەوە. بە هاتنی هیوم ئەم بازاڕە روو بە داڕووخان و شکست دەچوو. هیوم ئەوەی خستەڕوو کە ئیتر ناکرێ سیستمی فەلسەفی دروستبکرێت، بەڵام ئەوە تایبەتمەندی فەلسەفەیە کە هەوڵدەدات بۆ گەیشتن بە شتە دژوار و سەختەکان و ئەو شتانەی گەیشتن پێیان دژوارە. لەو خولانەی پاش هیوم هاتن، فەیلەسوفە ئەڵمانییەکان گەورەترین سیستمی فەلسەفی کە مرۆڤایەتی ناسیویەتی بونیاد نا.

کانت بەرهەمەکانی هیومی خوێندەوەو وتی ئەم ئەزمونە" لە خەوی دۆگما بوون بە ئاگای هێنامەوە". سەرەنجام کانت سیستمێکی گشتگیری دامەزراند بە بەرزترین ئاستی گەشەی تێگەیشتنەوە. هێگل لە کاتی خۆیدا ئەم کارەی درێژەپێدا و گەورەترین داپناسۆری فەلسەفی ناو سیستمەکانی بونیاد نا. سیستمێکی میتافیزیکی ئەوەندە بەربڵاو و ئاڵۆز، کە بە گشتی لە فامی مرۆڤەکان بەولاترەوەیە. ئەوە نیچە بوو تێگەیشت ئەم هەوڵە بەلاڕێدا چووانە تەنها دەتوانێت کۆمەڵێک گیانلەبەری لەناوچوو بەرهەم بێنێت. بەلای نیچەوە "لاپەڕەیەک لە بەرهەمەکانی هیوم، زیاتر لە سەرجەم بەرهەمەکانی هیگڵ مانای هەیە."

بەڵام تەنانەت نیچە بە پەسەندکردنی ئەوەی سەرجەم رەخنەکانی هیوم( دەکرێ بڵێین رەخنەگرتن لە هەموو شت) بێوەڵام ماوەتەوە نەیتوانی ئەو لەمپەرە ئیپیستمۆلۆژیەی کە هیوم لەسەر رێی فەلسەفەی دانابوو لە ناو بباث. تەنها رێگا بۆ پێشکەوتن لە بەرچاو نەگرتنی ئەو رەخنانە بوو. ئێمە ناچار بووین بەبێ لەبەرچاو گرتن سەرقاڵی فەلسەفە بین و درێژە بە فەلسەفە بدەین. وەک چۆن

بەبێ لەبەرچاو گرتنی ڕەتکردنەوەی بەردەوامێتی لە لایەن هیومەوە، درێژە بە ژیان دەدەین. هەموو دەم کۆمەڵێک شتێتر هەیە بەوەی کە باسی فەلسەفی لەسەر بکرێت.

لە سەدەی بیستەمدا وینگنشتاین شێوەکارێکی لەو چەشنەی هەڵبژارد. ئەو کە بەوپەڕی بێ موبالاتییەوە هیوم لەبەرچاو نەگرت( تا ئەو ئاستەی خۆی بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هیومەوە ماندونەکرد.) زۆر زوو بە ڕوانگەیەکی فەلسەفی هاوشێوەی هیوم گەیشت.(بیرمەندە گەورەکان هەموو دەم وەک یەک بیر دەکەنەوە، لەبەرئەوەی لە یەک جۆر سەرچاوە دزی ئەدەبی دەکەن.)

هیوم بە ئەگەری زۆر هامپتی- دامپتی (٢) لە سەر دیوار خستوەتە خـوارەوە، بەڵام هێشتا کەس نەیتوانیوە لەو مەتەڵە تێبگات چۆن لەتەکانی لکاندوە بە یەکەوە. ئەمڕۆکە فەلسەفە جەخت لە سەر کەمتەرخەمی بەرامبەر بە ژمارەیەک لە پرسیارەکان دەکاتەوە(ئەو پرسیارانەی لایوایە بێ وەڵامن)، هەروەها دەبێ بوترێ فەلسەفە کەمتەرخەمە بەرامبەر بە ژمارەیەک لە وەڵامەکان.

١-ڕەواقیەکان: ژمارەیەک لە فەیلەسوفە یۆنانییەکان بڕوایان بەیەک بوون هەیە. یەک بوونی جەستەیی نەک ڕۆحانی.

٢- هامپتی- دامپتی: کەسێکی کورتە باڵا و قەڵەو لە شیعرە کۆنی منداڵانەکاندا، هێلکەیەکی بە مرۆڤ بوو کە لەسەر دیوار دەکەوێتە خوارەوەو لەت لەت دەبێتەوە.

ڕۆژ ژمێری ژیانی هیوم

١٧١١- دیڤید هیوم لە ئەدینبۆرۆ لە دایکبوو.

١٧٢٣- لە تەمەنی دوازە ساڵیدا چووە زانکۆی ئەدینبۆرۆ.

١٧٢٩ - توشی نەخۆشی دەرونی بوو.

١٧٣٤ - بە مەبەستی نوسینی شاکارە فەلسەفییەکەی لە فەرەنسا خەڵوەت هەڵدەبژێرێت

١٧٣٩-١٧٤٠- (نامە دەربارەی سروشتی مرۆڤ)ی بڵاوکردەوە کە زۆر کەم بایەخی پێدرا.

١٧٤٥-١٧٤٦ وەک مامۆستای تایبەتی مارکۆیس ئاڤ ئاناندال خەریکی

کارکردن بوو، بەم شێوەیە ژیانی بەڕێوە دەبرد.

١٧٤٦ لە هێرشی گاڵتە جاڕانەی ژەنـەڕاڵ سێنت کلێر بۆ فەرەنسا، بەشداریکرد.

١٧٤٨ یەکەم کۆمەڵە وتاری خۆی بڵاوکردەوە.

١٧٥٤–١٧٦٢ مێژووی بەریتانیای لە چەند بەرگدا بڵاوکردەوە.

١٧٥٨ کتێبی (لێکۆڵینەوە دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ)ی بڵاوکردەوە کە لە بنەڕەتدا دوبارە نوسینەوەی بەرگەکانی یەک و دووهەمی "نامە"کە بوو.

١٧٦٣ بوو بە سکرتێری باڵیۆزی بەریتانیا لە پاریس.

١٧٦٦ رۆسۆی هێنایە بەریتانیا.

١٧٦٩ گەڕایەوە ئەدینیبۆرۆ بۆ ئەوەی لەوێ درێژە بە ژیان بداث.

١٧٧٦ بە هۆی نەخۆشی درێژماوەوە کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوە:**

اشنایی با هیوم، پۆل ستراثرن، نشرمرکز

# داڤد هیۆم
# یەکەم فەیلەسوفی خوانەناس

ئا: حەمە رەسوڵ حەسەنپور

**سەرەتا**

بەرلەهیوم، زۆرینەی فەیلەسوفان، بەخوانەناسین ئاوانباردەکران، هیوم یەکەم فەیلەسوفبوو ئەم ئاوانبارییەی بەئەستۆوەگرت.

ئەوەی کە مرۆڤ بەخوانەناسن دانێن بۆ فەیلەسوفان، یان هەرکەسێکی دیکە، پێدادهەڵگوتێنکی چاوچنۆک ئامێزنەبوو.، کۆمەڵ رێگەگەلی بۆ لێدانی ئەمجۆرە بیرمەندانەی یۆنانی دێرین (نۆشکردنی پیاڵەی) نۆکەران تا سەدەی ناوەڕاست (دادگای) پشکنینی بیروبڕوا ) ئامادەکردبوو.

هەربۆیە، فەیلەسوفان ئەوپەڕی هەوڵیاندەدا بۆئەوەی گشت لایەک (ئەنانەت بەقەناعەت خۆشیان)بکەن، کە حاشا لە بوونی خواناکەن، دان پێدانانی هیوم بە لێکەوتوویی ئیلاهییات بەریسوابوونێکی ئاشکرا دەژمێردرا، بەڵام ئەو هەوڵانەی بۆ پاشگەزبوونەوەی بەئەنجام گەیشت نەک لەرێگەی(باگردانی ئەشکەنجەدان) ،بەڵکو لەرێگەی بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفی بوو، ئەم خاڵە هێندەی رەوابونی کۆمەڵی بەریتانیای سەدەی هەژدەیەم دەگەیەنی ، کەسایەتی هیومیش

دەردەخات، بەم حاڵەوە، ئەگەر هیوم بیویستایە بە فەلسەفەکەی ئەمەکداربێ نەیدەتوانی ڕێگەیەکی دیکە هەڵبژێرێ.

ماوەیەکی زۆر بوو فەلسەفە بەرەو ئەم ڕێگەیە داگرتبوو، تاقمێک فەیلەسوفی سەدەی دێرین، بۆ وێنە «ڕەواقیان و « کلبیان» لەم ڕوانگەیە نزیک بوونەوە ، بەڵام سوکراتا بەهۆی سوکایەتیکردن بە خواکان سزای مردنی بەسەراسەپا و لەڕۆمای دێریندا سوکایەتیکردن بەخوایەک نەدەلوا، بەتایبەت ئەگەر خوایەکە «ئیمپراتۆر» یش بوایە،لەم ڕووەوە بڕوابوون بۆئەوانەی گەرەکیانبوو درێژە بە بیرمەندی بدەن و هەربەم ڕادەیەش، بۆئەوانەی لە جێدا دەیانەوێت بمێنن، پێویستبوو.

لەسەرەتاکانی دەورەی خاچپەرستییدا بەگشتی فەلسەفە هاتە ژێر ڕکێفی «الهیات» ەوە نوسراوەکانی ئەفلاتون و ئەرەستوبوون بەپەیامی خوایی و فەلسەفە بەگشتی ڕاڤەو ڕونکردنەوە دەقەکان، جێگەی پەسەندی گشتیبوو، ئەم ڕەوشە بە نوسینی ڕاڤەکردن و ڕوونکردنەوە درێژەی کێشاو و کارێکی زۆر پاڵەوانانە و جێگەی پەسەندکردنی ئەم نوسراوانە بوو، بە گوێرەی بنەمای بیروبۆچونی خاچپەرستی خەریکبوونێکی لاوەکی، بەکەڵکی خراپ وەرگرتن ژیربێژی، بەمەبەستی سەلماندنی بوونی خوا پەڕوباڵیدەرکرد، بەشتێک لەم کۆمەڵە هەوڵدانانە، تا بڵێی هۆشمەندانە و تەنانەت داهێنەرانەبوون، بەڵام شتێکی نوێ نەبوونن، کەوا بوو گریمانکردنە سەرەکییەکان، هەردەم چون یەکبون .

بۆیەکەمجار لەسەدەی هەڤدەیەمدا (دیکارت ) کە ئێستا بناغەدانەری فەلسەفەی نوێ دەناسرێ، ئەم پێش گریمانانەی بەبێ ئەملاوئەولا، خستەژێر نیشانەی پرسیارەوە.

دیکارت پێش گریمانە کۆنەکانی، وەلا ناو، فەلسەفەکەی لەژێر بناغەی ژیـری، نەک بیروبڕوا دارشــت، ئەو بە کەڵک وەرگرتن لەشێوەی گومانی تێگەیشتویی، دەریخست دەکرێ گشت شتێک بەدرۆبخرێتەوە، تەنیا شتێک نەبێ، من ناتوانم گۆمان لە گشت شتێک بکەم و هاوکات لەبیرکردنەوەی خۆشم بەشک بم، (ڕستەی بەناوبانگی) بیردەکەمەوە کەواتە هەم ئاکامی بەناوبانگی ئەوبوو، بەم پێیە، دیکارت گەیشتە ئەنجامێک و کۆنکرێتی ژیری فەلسەفەکەی لەسەردانا .

ڕێک لەدوای تێپەڕێنی نیوسەدە جۆن لۆک فەیلەسوفی ئینگلیزی ، لەمەش بەم لاوەتر، هەنگاوی ناو فەلسەفەی ئەزمونخوازی ناساند، لەم شێوە بیرکردنەوەی دەیگوت، بناغەی کۆتایی فەلسەفە، لەژێر راینیە، بەڵکو لەئەزموندایە ، لەروانگەی «لۆک» ەوە گشت زانیارییەکانمان لەدرێژخایەندا لەرێگەی ئەزمونەوە وەدەستدێن و ئێمە هیچ چەشنە گومانی سروشتیمان نییە، تەنیا خاوەنی ئەم گومانەین، کە لەوردبوونەوە لەم هەسنەدا دەستی دێنین وا سەیر دەکرا بەرنەزەر فەلسەفە، گەیشتبێتە سنوری کۆتایی، بەڵام ماوەیەکی ئەوتۆی نەخایاند، کەسێک هەنگاوی، لەمەش بەولاوەترین بەهاتنی «بێرکۆلی ئایرلەندی»نەریتی مەیل بەلای ئەزمونی ئەنگلس، پێنایە قەڵەمڕەوی شێتییەوە، ئەگەر هەموو زانیارییەکانمان لە جیهان تەنیا لەسەر بناغەی ئەزمون دانرابێ، چۆن دەتوانین بزانین کە جیهان کاتێک دەرکی پێناکەین، هەیە؟ هەربۆیە جیهان دابەزییە، سەر رووداوێکی دورسنکراون بیرو هرز و فەلسەفەش وەک شتێکی جێگەی پێکەنین، بەڵام جێگەی خۆشحاڵی بۆ جیهان لەئارادابوو، ئەوەش ئەمەبوو بێرکۆلی قەشەیەکی لە خواترسبوو، دیارە بێرکۆلی پێی لەوەدەنا جیهان درێژە بەبوونی خوێدەدا، تەنانەت ئەگەر لەلایەن هیچ کەسێکەوە دەرکی پێنەکرێ، بەڵام ئەمە چۆن دەلوێ؟ لەبەرئەوەی چونکە خواوەند هـەردەم جیهان دەرک پێدەکات، ئەم فێلە فەلسەفەییەی بیرکۆلی تارادەیەکی زۆر، لەدەردە سەری و زەحمەتی (نەک تەنیا لەلایەن قەشەی گەورەی خۆی و کۆمەڵی کەنیسەکەی) رزگارکرد، ئێستا جیهان بناغە و پاڵپشتێکی هەبوو، ئەم رەوشە رێک ماوەی ساڵێکی درێژەی کێشا تا ئەو کاتەی هیوم هاتە کێشەکەوە.

**ڕۆژمێری ژیانی هیوم**

*(١٧١١) دیڤید هیوم لە ئێدینبۆرۆ دێتە دونیاوە.

*(١٧٢٣) لەتەمەنی (١٢) ساڵاندا دەچێتە زانکۆی ئێدینبۆرۆوە.

*(١٧٢٩) تووشی شڵەژانێکی سەختی دەرونی دێ.

*(١٧٣٤) بەمەبەستی نوسینی شاکارە فەلسەفییەکەی لە فەرەنسادا گۆشەگیر دەبێت.

*(١٧٣٩–١٧٤٠) نامیلکەیەک سەبارەت بە سروشتی مرۆیی بڵاودەکاتەوە

که بایەخی کەمی پێدەرێت.

*(١٧٤٥–١٧٤٦) لەپیشەی مامۆستایەکی تایبەتی « مارکۆیس ئاواناندالا) دا دەستبەکاردەبێت.

*(١٧٤٦) لە ئیپەرینی (پێکەنین) ژەنەراڵ نێت کلێر بۆ فەرەنسادا بەشداری دەکات.

*(١٧٤٨) یەکەم کۆمەڵە بابەتی خۆی بڵاودەکاتەوە.

*(١٧٥٤–١٧٦٢) بەرگەیەک لە دواییەکەکانی مێژوی ئەنگلیس بڵاودەکاتەوە.

*(١٧٥٨) تۆیژینەوەی تێگەیشتوی مرۆڤ بڵاودەکاتەوە، ئەو کتێبە دوبارە نوسینەوەی بەرگی یەکەم و دووەمی نامیلکەکەیە.

* (١٧٦٣) دەبێتە نوێنەری سەفیری ئەنگلیس لەپاریسدا .

*(١٧٦٦) رۆسۆ دێنێ بۆ ئەنگلس.

*(١٧٦٩) دەگەڕێتەوە بۆ ئێدینبۆرۆ، بۆئەوەی لەوێ ژیان بەسەربەرێت.

*(١٧٧٦) لەدوای نەخۆشییەکی درێژخایەن کۆچی دوایی دەکات.

مێژوی روداوە گرنگە فەلسەفییەکان.

سەدەی شەشەمی (پ.ز) دەستپێیکردنی فەلسەفەی رۆژئاوا بە بیرکردنەوەکانی « تالس ملی»

کۆتایی سەدەی شەشەمی (پ.ز) مردنی فیساگۆرس.

*(٣٩٩ پ.) سۆکرات لەئائێن بە مردن تاوانباردەکرێ.

*(٣٨٧ پ..) ئەفلاتون ئەکادیمیای خۆی کەیەکەم زاکۆ دەژمێردرێ لەئایتنی دادەمەزرێنێ .

*(٣٣٥ پ.ز) ئەرستۆ قۆتابخانەی لیسێوم لەئاتێن دادەمەزرێنێ و دەبێتە رکابەری ئەکادیمیا .

*(٣٢٤پ.ز) کۆنستانینی ئیمپراتۆر پایتەختەکەی لەرۆماوە دەباتە بیزانس.

*(٤٠٠پ.ز) سێنت ئیگۆستین « درکاندنەکان»ی دێنێتە نوسین ، فەلسەفە لەئاینی خاچپەرستیدا تێکەڵ دەبێ.

*(٤١٠ پ.ز) روخانی ئمپراتۆرییەکی رۆم لەسەردەستی بەربەڕەکان.

*(٥٢٩پ.ز) داخستنی ئەکادیمیای ئاتێن لەسەر فەرمانی ئیمپراتۆر

بوستنین، نیشانەی کۆتایی هاتنی چاخی حیکمەتی یۆنانی و دەستپێکردنی چاخی تاریکی.

*نێویناوراستی سەدەی یانزدەیەم:

تۆماس ئێکۆئیناس سەرحی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێ ، چاخی فەلسەفەی وانەبێژی .

(١٤٥پ.ز) تێکروخانی بیزانس بەدەست تورکەکان و کۆتایی دەروانی ئیمپراتۆرییەتی بیزانس .

(١٤٩٢پ.ز) کریستۆفیس کۆلۆمبۆس دەکاتە ئەمریکا ، چاخی نوێبونەوەی شاری فلۆرانس و زیندوبونەوەی سەر لەنوێ فێرکارییە یۆنانییەکان.

(١٥٤٣پ..) کۆپرنیک کتێبی» سەبارەت بەگەرانی جیسمە ئاسمانییەکان « بڵاودەکاتەوە ولەبواری بیرکارییەوە دەیسەلمێنێ زەوی بەدەوری رۆژێدا دەگەرێ.

(١٦٣٣پ.ز) کەنیسە گالیلۆ ناچاردەکات بەرەسمی حاشا لە بیرۆکەی ناوەندبونی زەوی بکات .

(١٦٤١پ.ز) ریکارت کتێبی « وردبونەوەکان »ی بڵاودەکاتەوە سەرەتای چاخی فەلسەفەی خۆی.

(١٦٧٧پ.ز) کتێبی « ئاکاروکردار»ی ئیسپنیۆزا دوای مردنی رێگەی بڵاوبونەوەی پێدەرێ.

(١٦٨٧پ.ز) نیۆتۆن کتێبی « بنەماکان» بڵاودەکاتەوە دێنی داواتان راکێشان (جاژبە) دەنانێ .

(١٦٨٩پ.ز) جۆن لاکناميلكەیەک سەبارەت بە « تێگەیشتنی مرۆڤ» چاپدەکات سەرەتای دەورەی فەلسەفەی ریشەیی ئەزمون.

(١٧١٠پ.ز) بیرکۆلی کتێبی «بنەماکانی زانستی بەشەری» بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەیی ریشەیی ئەزمون دەگەیەنێنە سنوری نوێوە.

(١٧١٦پ.ز) مردنی لایبنتبن.

(١٧٣٩–١٧٤٠پ.ز) هیوم نامیلكەی «سروشتی مرۆڤ» بڵاودەکاتەوەو فەلسەفەی ریشەیی ئەزمون دەوروبەری مەنیق.

(١٧٨١پ.ز) کانت کە بەیارمەتی هیوم لەخەوی « دوگماتێکی» خۆی

رادەبـێ کتێبی « رەخنەی عەقڵی پەتی « بڵاودەکاتەوە چاخی شکومەندیی میتافیزێکی ئەڵمانیا دەست پێبکات.

(۱۸۰۷پ.ز) هیگڵ کتێبی « دیاردەناسە زەین» بڵاودەکاتەوە لەخاڵی لوتکەی میتافیزێکی ئاڵمانیایە.

(۱۸۱۸پ.ز) شۆپنهاوەر کتێبی « جیهان وەک دیمەنێکی کراوە» بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هیند لە میتافیزێکی ئەڵمانیا دێنێتەبەرباس.

(۱۸۸۹ پ.ز) نیچە رایدەگەیەنی « خوامردوە» و لەشاری تورینا دوچاری شێتبون دەبێت.

(۱۹۲۱ز) ویتگنشتیایی نامیلکەی « مەنیقی» فەلسەفی خۆیی بڵاودەکاتەوە و دەخوازرێ تێدا گەیشتوەتە دوایین رێگەچارەی مەسەلە فەلسەفییەکان.

دەیەی (۱۹۲۰) ئاڵقەری ڤییەننا «پۆزیتیویم» ی مەنتیقی پەرەپێداث.

(۱۹۲۷) هایدگیر کتێبی « بون و کاث» بەچاپدەگەیەنێ کەباسی نێوان جیاوازی نێوان فەلسەفەی راڨەیی و فەلسەفەی ئەوروپا دەکاث.

(۱۹۳٤) سارتەر بەبڵاوکردنەوەی کتێبی «بون و نەبون» ئەندێشەکانی هایدگەر تەوادەکاث و فەلسەفەی ئیگلزیستامیس لیسم دێنێتە ئاراوە.

(۱۹۵۳) بڵاوبونەوەی کتێبی (توێژینەوە فەلسەفییەکان « ویتگنیستیاین لەدوای مردنەکەی لوتکە دەورانیشیکاری زمان.

**سەرچاوە:**

(اشنا ، هیوم از مجموعه اشنایی ، فیلسوفان- نشرموکز)

(اشنا با هیوم -ترجمه زهیرا ارین ص۷۱-۷٤).